




# یادێک لە هاوڕێ تەیفوور بەتحایی

## نووسەر، فیلمساز، چالاکی سیاسی

ماڵئاوا

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست

١- تەیفوور بەتحایی................................................. لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە ..... ٤

٢- پەیامی سەرەخۆشی حیزبی دێموکراتی کوردستان................................................................ ٩

٣- بە بۆنەی کۆچی دوایی تێکۆشەری ناسراو و دێرین تەیفوور بەتحایی........................................... ١١

٤- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان پەیامی ڕێزلێنان و ماڵئاوایی و سەرەخۆشی................................... ١٤

٥- شوێن پەنجە و جێ پێکانی تەیفوور بەتحایی بەم زوانە ناسڕێنەوە!................................ قادر وریا ..... ١٦

٦- تەیفوری بەتحایی.................................................................................. سەرۆ قادر ..... ١٨

٨- ژیان بەدەم زریانەوە" ڕیئالیسمێکی تاڵی کوردانەیە.......................................... شەهلا دەباغی ..... ١٩

٩- مستەفا هیجری: کۆچی دوایی کاک تەیفوور بەتحایی جێگای پەژارەی هەموومانە................................... ٢٢

١٠- کاکە تەیفوور بەتحایی ماڵئاوایی لێکردین.......................................................... مەولوود سوارە ..... ٢٣

١١- تەیفووری بەتحایی و خێڵی درۆ...................................................................... ڕەسووڵ سوڵتانی ..... ٢٤

١٢- بە بۆنەی کۆچی ناوادەی ئەم گەورە مرۆڤەی کوردەوە........................................... رامبود لوتفپووری ..... ٢٦

١٣- کۆچی تێکۆشەری دێرینی دێموکرات ،دڵسوز و هونەرمەند، کاک تەیفوور بەتحایی............ موسا باباخانی ..... ٢٧

١٤- هەزاران سلاو لە گیانی هونەری شۆرشگێریت.................................................. شێرکۆ جەلیل گادانی ..... ٢٨

١٥- بێ شک مەرگی کاک تەیفور خەسارێکی گەورەیە.................................................. نەریمان مەنبەری ..... ٢٩

١٧- کاک تەیفوور مرۆڤێکی خەباتکار و لێهاتوو بوو.................................................. کاووسی عەزیزی ..... ٣٠

١٨- ئۆغرت بەخێر کاک تەیفوور.......................................................................... سیاوەش گۆدەرزی ..... ٣١

١٩- مەرگی ناوادە و دڵتەزێنی تەیفوور.................................................................. حەسەن قازی ..... ٣٢

٢٠- مال ئاوایی تێکۆشەریکی دیکەیی دێرینی دێمۆکرات.................. ناوەندی پێشمەرگە دێرینەکانی دێموکرات ..... ٣٣

٢١- بۆ کۆچی کاک تەێفوور بەتحایی............................................................ ئارەش زەمانی ..... ٣٤

٢٢- بەداخەوە کاک تەیفور بەجێی هێشتین............................................................ هێمن سەیدی ..... ٣٦

٢٣- تا ئێستا جێگە و پێگەی ئەم گەورە پیاوە لە ڕیزەکانی دێموکراتدا لە کوێ بوو؟... شەونەم هەمزەیی ... ٣٧

٢٤- یادی و ناوی کاک تەیفوور بەرز و بەڕێز بێ.................................................. مادح ئەحمەدی ..... ٣٨

٢٥- ژیان بەدەم زریانەوە.................................................................. رەحیم رەشیدی ..... ٣٩

٢٦ - کۆچی دوایی کەسایەتی ناوداری کورد کاک تەیفوور بەتحایی......................... ڕێکخراوی جیهانی کورد ..... ٤١

٢٧- هونەرمەندێکی کورد کۆچی دوایی کرد............................................................ باسنیوز ..... ٤٣

٢٨- تەیفوور بەتحایی سینەماکار و نووسەری رۆژهەڵاتی کوردستان کۆچی دواییکرد......................... رووداو ..... ٤٥

٢٩- هەڤپەیڤین لە مەڕ کتێبی "سەفەری خەیاڵ" لە "کورسان" وە هەتا کوردستان.................... حەسەن قازی ..... ٤٧

٣٠- وتارێکی بچوک لەمەڕ بابەتێکی گەورە.................................................. تەیفوور بەتحایی ..... ٦٦

٣١- خەباتی چەکداری نوێ (راسان) لە تئۆری و پراتیکدا.......................................... تەیفوور بەتحایی ..... ٧١

٣٢- ژیان بەدەم زریانەوە.................................................................. تەیفوور بەتحایی ..... ٧٧

٣٣- دوایین بیرورِا گۆڕینەوە لەگەڵ کاک تەیفوور بەڕێگای فەیس بووک دا........................... حەسەن قازی ..... ٨١




## تەیفوور بەتحایی



### لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە

تەیفور بەتحایی (لەدایکبووی ٨ی ئازاری ١٩٤٧) نووسەر، فیلمساز، چالاکی سیاسی. لە سنە هاتووەتە دنیا و خوێندنی سەرەتایی هەر لەو شارەدا تەواو کردووە. دوای تەواو کردنی خوێندن لە چوارچێوەی گەلاڵەی سوپای دانێشدا ساڵێک مامۆستایی کردووە. لە ساڵەکانی ١٩٦٩ هەتا ١٩٧٢ لە «مەدرەسەی سینەما و تلەڤزیۆنی تاراندا» لە بەشی وێنەگرتندا خوێندوویەتی. لە سەرەتای دەیەی ٧٠ م (پەنجای شەمسی) بە هۆی لایەنگری ئایدۆلۆژی چەپ و ئەندامەتی لە گروپی ناونراو بە «گروپی دوازدە» لە گەلاڵەی بەبارمتەگرتنی «فەرەح پەهلەوی» دا، دادگایی کرا و زیندانی هەتاهەتایی بۆ دەرچوو. لە کاتی شۆڕشی ١٩٧٩دا لەگەڵ باقی زیندانییە سیاسییەکاندا ئازاد بوو و گەڕایەوە کوردستان و خەباتی سیاسی خۆی لە ریزەکانی حیزبی دێمۆکراتدا درێژە پێدا. لە ساڵی ١٩٨٥ حیزبی بە جێ هێشت، بەڵام چالاکی سیاسی خۆی لە تەبعیددا و پاش نیشتەجێ بوون لە سوید درێژە پێداوە. هاوکات کە لە یەکێک لە مەدرەسەکانی سویددا مامۆستای فیلمی دێکومێنتار و سینەما بووە، وەکوو نووسەر و پەیکەرەساز چالاک بووە.

## ژیان

تەیفور بەتحایی منداڵی پێنجەمی بنەماڵەیەکی هەشت منداڵی دانیشتووی گەڕەکی جۆرئاوای سنە بوو. بابی مامۆستای مەدرەسەکانی سەرەتایی سنە و دایکی بنەوانی ماڵبووە. خوێندنی سەرەتایی لە مەدرەسەی ١٥ بەهمەندا و سیکلی یەکەمی دەبیرستان لە بوعەلی و سیکلی دووهەم لە دەبیرستانی شاپوردا (رشتەی سروشت) خوێندووە. دوایە چووەتە سەربازی و

پاش دەورەی راهێنانی سەربازی، وەکوو مامۆستای سوپای دانش چووەتە تورکەمەن سەحرا (گوندی حەکیم ئاوا، سەر بە پارێزگای گونبەد کاووس). بەتحایی دوای گەڕانەوە بۆ سنە بە مۆژیاری برا گەورەکەی لە تاقیکردنەوەکانی کونکوردا بەشداری دەکا و لە «مەدرەسەی عالی سینەما و تلەڤیزیۆن» دا وەردەگیری و رشتەی وێنەگرتن هەڵدەبژێرێ. پاش تەواو بوونی خوێندن بۆ کار لە تلەڤزیۆندا دەچێتە شاری شیراز و لەوێ لەگەڵ «کەرامەتی دانشیان» دا ئاشنا دەبێ. کەرامەت کە ئەویش پێشتر هەر لەو مەدرەسەدا خوێندوویە باوەڕی بە خەباتی چەکداری هەبووە و ئاشنایەتی تەیفور لەگەڵ ئەو دەستپێکی قۆناخێکی تازە لە ژیانیدایە.

## خەبات

گەڵاڵەی بارمتەگرتن بریتی بوو لە بەبارمتەگرتنی شاژنی ئێران و کوڕەکەی لە جێژنێکدا کە بۆ دانی خەڵاتی سینەمایی پێکدەهات. بە مەبەستی ئازادی زیندانییە سیاسییەکان لە لایەن «عەباس سەماکار و رەزا عەلامەزادەوە». ئەم گەڵاڵە درایە گروپی دانشیان و بەتحایی.(١) کە لە لایەن ئەوانە پێشوازی لێی کرا و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی گەڵاڵەکە کاری لەسەر کرا، بەڵام بەر لە ئەنجام لە لایەن "ئەمیر فەتانەتەوە کە لەپەیوەندی لەگەڵ کەرامەتدا بوو و بەدەست هێنانی چەکی بە ئەستۆ گرتبوو، راپۆرتی درایە ساواک.(٢) هەموو ئەندامانی گروپەکە جگە لە ئەمیر فەتانەت لە مانگی خەرمانانی ١٩٧٣دا دەستەبەر کران.(٣) لە رەوتی لێکۆڵینەوەکاندا دوو کەسیتر کە ئەندامی گەڵاڵەی تێرۆری شا بوون و سەر بە گروپێکی دیکە بوون لە لایەن یەکێک لە گیراوەکانەوە، ئاشکرا کرا و بە بێ ئەوە پەیوەندییەکی راستەوخۆیان لەگەڵ ئەم گروپەدا هەبووبێ، لە لایەن ساواکەوە تێکەڵ کران و لە یەک دادگادا، دادگایی کران.(٤) ئەم پەروەندە بە هۆی ژمارەی دادگایی کراوەکانە بە گروپی دوازدە ناسران. کە بریتی بوون لە:

«تەیفور بەتحایی، خەسرەو گوڵسورخی، مەنوچێهر موقەددەم سەلیمی، کەرامەت دانشیان، عەباس سەماکار، رەزا عەلامەزادە، ئیرەج جەمشیدی، شکوە میرزادەگی، مورتەزا سیاپۆش، مەریەم ئیتحادییە، ئیبراهیم فەرهەنگ، فەرهاد قەیسەری». لە دادگای یەکەمدا تەیفور، خەسرەو، کەرامەت، عەباس، رەزا، ئیرەج، مەنوچهر. حوکمی ئێعدامیان وەرگرت و لە دادگای دووهەمدا ئەو حوکمە بۆ پێنج کەسی یەکەم وەکوو خۆی مایەوە. لە قۆناخی فەرجامدا حوکمی تەیفور بەتحایی و عەباس سەماکار و رەزا عەلامەزادە کرا بە زیندانی هەتا هەتایی، بەڵام حوکمی کەرامەت دانشیان و خەسرەو گولسورخی بە هۆی بەرگری ئایدۆلۆژی لە دادگادا هەر بە ئێعدام مایەوە.



سەرچاوە
Serchawe

## گەڕانەوە بۆ کوردستان

تەیفور بەتحایی دوای پێنج ساڵ زیندان لەگەڵ زیندانییەکانی دیکە لە ٣ی خەزەڵوەی ١٩٧٨دا ئازاد بوون و گەڕایەوە سنە. پاش ماوەیەک (لە سەروبەندی شەڕی سنەدا) چووە ریزەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانەوە و لە کۆنگرەی پێنجەمی حیزبدا (زستانی ١٩٨٢) بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب هەڵبژێردرا و بەرپرسایەتی یەکێتی لاوانی دێمۆکراتی بە ئەستۆ گرت. تەیفور لە ماوەی چوارساڵدا چوار فیلمی دێکومێنتاری لە سەر ژیان و خەباتی کوردانی رۆهەڵات ساز کرد کە ناسراوترینیان نان و ئازادییە.(٥) ئەم فیلمانە لە فستیواڵەکاندا (فستیواڵی نانت و سینەما لە تەبعید)(٦) و لە بۆنە جۆراجۆرەکاندا پیشان دراون. دواتر بە هۆی شەڕی نێوان حیزبی دێمۆکرات و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە) لە ساڵی ١٩٨٥ دا ماڵاوایی لە حیزب کرد. دوای ئازاد بوون لە ئەندامەتی حیزب کۆچی کرد بۆ سوید و ئێستا زۆربەی چالاکی لە بواری نووسیندایە.

## بەرهەم

### فیلم

ئازار - دێکومێنتار ١٩٧٩

نان و ئازادی - دێکومێنتار ١٩٨١ هەتا ٨٣

هەوار - دێکومێنتار ١٩٨١ هتا ٨٣

شاخە سەربەزەکان - دێکومێنتار ١٩٨١ هتا ٨٣

روناکایی شەمەکان - دێکومێنتار ١٩٨١ هتا ٨٣

گەلە گورگ  دراما ١٩٩٠

دێبلیاچا - دێکومێنت سەبارەت بە قەرەجەکان ٢٠٠٢

پیلانی رەش - دێکومینتار ٢٠٠٦

### کتێب

#### فارسی

ئاغەی چۆخ بەخت یۆخ ١٩٩٠

ژیان بە دەم زریانەوە (ڕۆمان) ١٩٩٣

چوار ڕەوایەت (چوار وتووێژ) ١٩٩٨

دارا و نەدار لە دنیادا (وەرگێڕان لە سویدییەوە)٢٠٠١

## کوردی

گەلاوێژ (سەناریۆ - چیرۆک) ١٩٩٢

ژیان بەدەم زریانەوە (ڕۆمان) ١٩٩٣

مافی ژن لە کۆمەڵی کوردەوارید (کاری هاوبەشی ژیلا فەرجی و تەیفور بەتحایی)٢٠٠٠

نووسینی سەناریۆ بۆ فیلم (وەرگێڕان لە سویدییەوە) ٢٠١٢

سەفەری خەیاڵ (ژیاننامە) ٢٠١٣

ژیان وەکوو خۆی (ڕۆمان) ٢٠١٥

## پەراوێزەکان

١- دو نقد عباس سماکار و طیفور بطحایی بر رضا علامه زاده

http://www.peykeiran.com/Content.aspx?ID=46718

٢- یک فنجان چای بی موقع، سایت تاریخ شفاهی ایران، گزرش :محمود فاضلی

٣- بطحایی، طیفور، سفر خیال (از کرسان تا کردستان)، چاپ اول گوتنبرگ، ناشر:خانه هنر و ادبیات، ٢٠١٢

٤- خاطرات عزت شاهی(٣٠)"وەشانی ئەرشیڤکراو". لە ڕەسەنەوە ئەرشیڤ کراوە لە ١٣ی ئازاری ٢٠١٦. لە ڕێکەوتی ٢٥ی ئایاری ٢٠١٦ هێنراوە.

٥- ٣٢ سال پس از آزادی هزار زندانی سیاسی، عصر نو، یداله بلدی

http://asr
-nou.net/php/view_print_version.php?objnr=11994

٦- به پیشواز هشتمین دوره جشنواره جهانی سینمای در تبعید، اکتبر ٢٠٠٧، سوئد، گوتنبرگArchived http://www.cinemaye-azad.com/views&news/views&news01.html ١٣ی تەمووزی ٢٠١٤, لە وەیبەک مەشین.

سەرچاوەکان:


https://web.archive.org/web/20160414235201/http://taifor.nu/start.htm
https://archive.is/20160403220357/http://www.lajvar.se/ketab/shoreshi/shoreshi-samakar.ht

بطحایی، طیفور، سفر خیال (از کرسان تا کردستان)، چاپ اول گوتنبرگ، ناشر:خانه هنر و ادبیات، ۲۰۱۲

خاطرات عزت

شاهی(۳۰)

https://web.archive.org/web/20160313071716/http://irandidban.com/master.asp?id=13144
،http://asre-nou.net/php/view_print_version.php?objnr=11994

بی بی سی فارسی،

http://www.bbc.com/persian/arts/2014/04/140425_l41_book_fetanat_interview

سماکار، عباس، من یک شورشی هستم، شرکت کتاب لس انجلس، چاپ دوم ۱۳۸۵

یک فنجان چای بی موقع، سایت تاریخ شفاهی ایران، گزارش: محمود فاضلی

http://www.oral-history.ir/?page=post&id=2123

دستی بر هنر چشمی بر سیاست، سایت تاریخ شفاهی ایران، گزارش: محمود فاضلی

http://www.oral-history.ir/?page=post&id=1946

۳۲ سال پس از آزادی هزار زندانی سیاسی، عصر نو، ید اله بلدی

http://asre-nou.net/php/view_print_version.php?objnr=119

به پیشواز هشتمین دوره جشنواره جهانی سینمای در تبعید، اکتبر ۲۰۰۷، سوئد، گوتنبرگ

https://web.archive.org/web/20140713030505/http://www.cinemaye-azad.com/views%26news/views%26news01.html




سەرچاوە
Serchawe

## پەیامی سەرەخۆشی حیزبی دێموکراتی کوردستان



**بە بۆنەی کۆچی دوایی تێکۆشەری ناسراو و دێرین تەیفوور بەتحایی**

زۆر بەداخەوە خەباتکاری دێرین و ناسراو ، تەیفوور بەتحایی، پاش نیوەڕۆی پێنج شەممە،٢٠ی خەرمانان(١٠ی سێپتەمبری ٢٠٢٠)، دوای تەمەنێک خەبات لە پێناوی ڕزگاریی نەتەوەکەی و ئامانجە بەرزەکانی دیکەی‌دا، دڵە گەورەکەی بۆ هەمیشە لە وڵاتی سوئێد ـ لە دووره وڵاتی ـ لە لێدان کەوت.

تەیفووری بەتحایی کە وەک سینەماکار، نووسەر و تێکۆشەرێکی چەپ و نەتەوەیی ناسراو بوو، ساڵی ١٣٢٦ (١٩٤٧) لە شاری سنە لە دایکبووە و گەورە بووی گەڕەکی هەژار نشینی "جەوراوا"ی سنە بوو. هەر بۆیەش بوو بە هەڵگری خەم و مەینەتییەکانی هەژاران و هەر زوو ڕێگای تێکۆشان و خەبات دژی دیکتاتۆریی ڕێژیمی شایەتی و ستەم وچەوسانەوەی جۆراوجۆری هەڵبژارد. کاک تەیفوور لە سەردەمی دەسەڵاتی حەمەڕەزاشادا، بەهۆی چالاکیی سیاسی و دژایەتی کردنی ستەم و زۆرداریـیەوە، لە ساڵی ١٣٥٢ (١٩٧٣) لەگەڵ چەند ناوی ناسراوی ئەو سەردەمە، وەک خوسرەو گوڵسورخی، کەرامەت دانشیان و... دەستبەسەر دەکرێن. سەرەتا بڕیاری لە سێدارەدان و دواتر زیندانی هەتاهەتایی بەسەردا دەسەپێنرێ.

پاش شۆڕشی گەلانی ئێران، تەیفوور بەتحایی وەک ناوێکی دیار، ڕووی لە ریزەکانی حیزبی دێموکرات کرد و بوو بە کۆڵەکەیەکی ئەدەبیات و هونەری بەرگریی کورد لە دژی ڕێژێمی کۆنەپەرست و تازە بە دەسەڵات گەیشتووی خومەینی. بەتحایی لە کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی دێموکرات کە سەرماوەزی ١٣٦٠ (دێسامبری ١٩٨١) بەڕێوەچوو، وەک ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب هەڵبژێردرا. لە ماوەی تێکۆشانی پڕ بەرهەمی لە ڕیزی ڕێبەریی حیزبی دیموکراتدا، زیاتر لە چوار فیلمی

لەسەر ژیانی خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی مافخوازانەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەرهەم هێنا کە دیارترینیان فیلمی "نان و ئازادی" یە.

تەیفوور بەتحایی، جیا لە بواری سینەما و وێنەگری، لە بواری وەرگێران، نووسین و بەرهەمهێنانی دەقیشدا کاری بە نرخی کرد. ئەو یەکێک لەو نووسەرانەیە کە جێ‌پەنجەیان بە سینەما و ئەدەبیاتی بەرگری و بزووتنەوەی مافخوازانەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەمێنێ. کتێبەکانی "ژیان بەدەم زریانەوە"، "چوار ریوایەت"، سەفەری خەیاڵ"، "ژیان وەکوو خۆی"، مافی ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا" ، "دارا و نەدار لە دونیادا" و... چەند نموونە لەخەرمانی بەرهەمەکانی تەیفوور بەتحایین.
تەیفووری بەتحایی کە بەهۆی تێکۆشانی سیاسی و بێ وڵاتییەوە، لەمێژ ساڵ بوو لە وڵاتی سوئێد گیرسابووەوە، تا دوا ساتەکانی ژیانی لە خەبات لە پێناو مافە رەواکانی نەتەوەکەیدا شێلگیرانە بەردەوام بوو و پێوەندیی خۆی لەگەڵ حیزبی دێموکرات و هاوڕێیانی نەپچڕاند و هەر دەم هاوکار، هاوبیر و هاوخەمیان بوو.

کۆمیتەی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، لەدەستدانی کاک تەیفوور بەتحایی بە خەسارەتێک بۆ بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەزانێ و بە چاوی رێزەوە دەڕوانێتە خەبات و تێکۆشانی چەندین ساڵەی ناوبرا. هەر بۆیە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە سەرەخۆشی خۆمان پێشکەشی بنەماڵە، کەسوکار و ئازیزانی کاک تەیفوور، خەڵکی شاری سنەی قارەمان و سەرجەم تێکۆشەرانی کورد و بە تایبەتی هۆگرانی سینەما و ئەدەبیاتی بەرگری لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین.

گیانی کاک تەیفوور شاد و یاد و ناوی بەرز و بەڕێز بێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان

کۆمیتەی بەڕێوەبەریی دەرەوەی وڵات

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

# سینەماکارێکی ناسراوی کورد ماڵاوایی لە دنیای هونەر کرد




سینەماکار و نووسەری ناسراوی کورد و تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کاک "تەیفوور بەتحایی" لە تەمەنی ٧٣ ساڵیدا لە وڵاتی سوئید کۆچی دوایی کرد.

کاک "تەیفوور بەتحایی" ساڵی ١٣٢٦ی هەتای لە شاری سنە لەدایک بووە و خوێندنی لەو شارەدا تەواو کردووە. دوای تەواوکردنی خوێندن لە چوارچێوەی گەڵاڵەی "سپای دانیشدا مامۆستایی کردووە.



لە ساڵەکانی ١٣٤٨ هەتا ١٣٥٢ لە "مەدرەسەی سینەما و تێلڤیزیۆنی تاراندا" لە بەشی وێنەگرتندا خوێندوویەتی.

کاک "تەیفوور" لە دەیەی چلی هەتاوی بەهۆی ئەندامبوون لە ڕێکخراوە چەپەکانی سەردەمی پاشایەتی لە ئێران "گرووپی دوازدە" لە گەڵاڵەی بە بارمتەگرتنی "فەرەح پەهلەویدا، هاوڕێ لەگەڵ تێکۆشەرانی دیکەی سیاسیی ئێران "کەرامەتوڵڵا دانشیان و خوسرەو گوڵ سورخی" دادگایی کرا و زیندانی هەتاهەتایی بۆ دەرچوو.

لە کاتی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا هاوڕێ لەگەڵ زیندانییە سیاسییەکانی سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتی ئازاد بوو و گەڕایەوە کوردستان و لەگەڵ ژمارەیەک چالاکی سیاسیی دیاری شاری سنە خەباتی سیاسیی خۆی درێژە پێدا.

کاک تەیفوور یەکێک لە هاوڕێ نزیکەکانی دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی بوو.

ناوبراو بێجگە لە کاری سیاسی کاری هونەری لە بەشی فیلم و سینەمادا دەکرد. "نان و ئازادی" یەکێک لە بەرهەمە هونەرییەکانی کاک "تەیفووری بەتحایی"ـە.

دواتر بەهۆی گرفتی بنەماڵەیی نەیتوانی لە کوردستان بمێنێتەوە و ڕووی لە وڵاتانی ئورووپایی کرد، بەڵام چالاکیی سیاسیی خۆی پاش نیشتەجێ بوون لە وڵاتی سوئید درێژە پێدا.

ئەو سینەماکارە ناسراوەی کورد سەرئەنجام لە تەمەنی ٧٣ ساڵیدا لە شاری یوتۆبووریی وڵاتی سوئید کۆچی دوایی کرد.

بەرهەمەکانی ناوبراو بەم چەشنەیە:

ئاغەی چۆخ بەخت یۆخ ١٩٩٠
ژیان بە دەم زریانەوە (ڕۆمان) ١٩٩٣
چوار ڕەوایەت (چوار وتووێژ) ١٩٩٨
دارا و نەدار لە دنیادا (وەرگێران لە سوئیدییەوە)٢٠٠١
گەلاوێژ (سناریۆ/چیرۆک) ١٩٩٢
مافی ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا (کاری هاوبەشی ژیلا فەرجی و تەیفور بەتحایی)٢٠٠٠
نووسینی سناریۆ بۆ فیلم (وەرگێران لە سوئیدییەوە) ٢٠١٢
سەفەری خەیاڵ (ژیاننامە) ٢٠١٣
ژیان وەکوو خۆی (ڕۆمان) ٢٠١٥
ئەسپەنجێر (٢٠١٨)

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای بەداخبوونی خۆی بۆ لەدەستدانی ئەو تێکۆشەر و سینەماکارەی کورد، سەرەخۆشی



سەرچاوە
Serchawe

لە بنەماڵە، خزم، کەسوکار و هونەرمەندانی تێکۆشەر دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

٢١ی خەرمانانی ٢٧٢٠

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠

## کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

**پەیامی ڕێزلێنان و ماڵئاوایی و سەرەخۆشی بۆ مەرگی نابەوەختی کاک تەیفوور بەتحایی**



**بەڕێز خانمی ژیلا فەرەجی**

**کاک هەژان و و ئایدا خانم**

**دۆستان و دڵسۆزانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان!**

زۆر بە داخەوە بۆ مەرگی نابەوەخت و گرانی کاک تەیفوور بەتحایی، زیندانی سیاسی بەناوبانگ، تێکۆشەری ناسراو و لە مێژینە و نوسەر و هوونەرمەندی شۆرشگێر کە پاش تەمەنێک لە خەبات وتێکۆشان دڵی بۆ هەمیشە لە لێدان کەوت.

کاک تیفووری بەتحایی زۆر زوو هەستی بە نابەرابەری و بێدادی نیزامی پاشایەتی کرد و بە لەبەرچاوگرتنی شوێن و ژینگەی هەژارانەی ژیانی خۆی و هاوچارەنووسانی، زۆر زوو بوو بە خەباتکارێکی شێلگیری دادپەروەری و یەکسانیخوازی و هەر لەو پێوەندیەشدا ساڵی ١٣٥٢ی هەتاوی لە تەمەنی ٢٦ ساڵیدا هاورێ لەگەڵ ژمارەیەک خەباتکاری ناسراوی چەپی ئێرانی وەک خوسرەو گوڵسورخی و کەرامەت دانشیان پاش دەستبەسەرکرانیان لەلایەن دەزگای ساواکەوە، سزای سێدارەی بەسەردا دەسەپێندرێ و پاشان ئەو سزایە بۆ بەندکرانی هەتاهەتایی دەگۆردرێ. ئەرگەچی تا ساڵی ١٣٥٧ لە زیندان بەندکرا بەڵام ناو و ناوبانگی کەوتە سەر زاری خەڵک و بە پێشۆازی گەورەی خەڵکی شاری سنە لە پاییزی ٥٧ پاش شکانی دەرگای بەندیخانەکان گەرایەوە ناو خەڵکی تینوی ئازادی.

کاک تەیفوور کە ئاشنای دەرد و مەینەت و ستەم و هەڵاواردن بوو، پاش سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران وەک نووسەر و هوونەرمەندێکی خاوەن بەڵێن و بەدەربەستی نەتەوەکەی لە سەنگەری خۆڕاگری کۆمەڵانی خەڵک و پێشمەرگەیەتی درێژەی بە خەباتی خۆیدا و دواتر پاش چەند ساڵ بە ناچاری ژیانی تاراوگەی هەڵبژارد و هەتا کاتی گیان لەدەستدانی وەک تێکۆشەرێکی بەوەفای رێگای رزگاری لە سەنگەری ئەدەبیات و هونەردا ئەرکی خەباتکارارانە و ئینسانی خۆیی بە باشی بە جێهێنا.

بێگومان بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات بە مەرگی تەیفوور بەتحایی، تێکۆشەرێکی شێلگیر وماندووینەناس، کەسایەتیەکی چەپ و شۆرشگێر، هوونەرمەند و نووسەرێکی بوێر و ئازا، سیمایەکی ناسراو و خۆشەویستی لەدەست چوو. مەرگی کاک تەیفوور خەسارەتێکی گەورەیە بۆ هەمووما‌ن.

بەم بۆنە خەمبارەوە سەرخۆشی لە ئێوە ژیلا خانمی بەڕێز هاوسەری رێزداری کاک تەیفور و هەر دوو رۆڵەی ئازیزتان و بەڕێزمان کاک هەژان و ئایدا خانم و گشت خانەوادەتان و هەروەها سەرەخۆشی لە خەڵکی کوردستان، تێکۆشەرانی ئازادیخواز و بە تایبەت خەڵکی خۆراگری شاری سنە و هەموو دۆستان و ئازیزانی دەکەین.

بژی یادی ئازیزی تەیفوور بەتحایی.
بژی ئامانجە بەرز ئینسانییەکانی

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

۲۱ی خەرمانانی ۱۳۹۹ی هەتاوی

۱۱ی سپتامبری ۲۰۲۰ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe

## شوێن پەنجە و جێ پێکانی تەیفوور بەتحایی بەم زوانە ناسڕێنەوە!



**قادر وریا**

دەتوانم بڵێم هیچ ڕستەیەک بە ڕادەی" ڕوحی شاد بێ" لە کۆمێنتی بە کارهێنەرانی کوردی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک دا، دووپات نەبۆتەوە. هەر کە سەردانی فەیسبووک دەکەی، وێنەی کۆچکردوان، ئێعدامکراوان و تێکۆشەرانی بە پیلان و تاوانی داگیرکەران شەهیدکراو و پۆستی پێوەندیدار بەوان سەرنجت ڕادەکێشن. ئەمەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ چارەنووسی تاڵ و دۆخی پڕ لە مەینەتی ئێمەی کورد بە تایبەتی خەباتکارانی ئەو نەتەوەیە، بەشێکیشی پێوەندیی بە خەسڵەتی مردوو پەرەستیمانەوە هەیە. تا مرۆڤەکان لە ژیان دان، نازانین ڕێزیان بگرین و خۆشمان بوێن، کە لە دەستمان چوون، وەخۆ دەکەوین!!

ئەم دوانیوەڕۆیەش، هەواڵی کۆچی سیمایەکی دیاری نێو بزووتنەوەی سیاسی و چەپ و نەتەوەیی و ئازادیخوازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سینەماکار و نووسەرێکی بە توانام لە فەیسبووک دا خوێندەوە. سیمایەک کە لانیکەم ساڵەکانی ١٣٦٠ - ١٣٦٢ زۆر جار لە نزیکەوە دەمدیت. لەو کلاس و دەورانەدا کە ئەو وانەی سیاسی و شۆڕشگێڕی و هونەریی تێدا دەکوتنەوە، بەشدار بووم. هێندێک لە فیلمەکانیم دیتوە و، بە لامەوە جێی بایەخ بوون. نووسینەکانی کە وەک وتار لە ڕۆژنامەی "کوردستان" و گۆڤاری "لاوان"ی ئەو ساڵانەدا بڵاو دەبوونەوە، لێیان فێر دەبووم و بۆسەردەمی خۆی پتر لە نووسینی کەسانی دیکەی حیزبی تینوێتییان دەشکاندم. ڕۆمانەکەی" ژیان بە دەم زریانەوە" لە ڕۆمانە جوانەکانی پێوەندیدار بە خەباتی شۆڕشگێڕانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن کە خوێندوومنەوە. فایلی pdfی کتێبی سەربردەی ژیانی خۆیشیم(لە "کورسان"ەوە هەتا کوردستان)بە کوردی و فارسی بە دەست هێنابوو تا لە دەرفەتێک دا بیخوێنمەوە، بەڵام مردن لە من بە پەلەتر بوو، چونکە

چارەنووسە ناتەواوەکەی، پێش ئەوەی من بیخوێنمەوە، تەواو کرد.

کاک تەیفوور بەتحایی، هەر لە پێش ڕووخانی ڕێژیمی شایەتیشەوە، ناوێکی ناسراو بوو. ئەو هاوڕێ و هاوخەباتی خوسرەوی گولسورخی و کەرامەتوڵڵای دانشیان بوو. لە بێدادگای نیزامیی ڕێژیمی شایەتی بە سزای زیندانی ئەبەد دەربازی بوو، بەڵام هەم لە دادگا و هەم لە زیندان، سەربەرز هاتە دەر. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، تێکەڵ بە تێکۆشانی حیزبی دیموکرات بوو، لە کۆنگرەی ٥ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. ئامادەکار و بەرهەمهێنەری یەکەم فیلمی دۆکیۆمێنتیی کوردیی تایبەت بە خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵات و حیزبی دیموکرات بەرامبەر هێرشی سوپایی کۆماری ئیسلامی(نان و ئازادی) بوو.

هەر لەو سەردەمیش دا بوو کە بوو بە پردی پێوەندیی نێوان دەفتەری سیاسی و بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دیموکرات و، من ئەو کات بوو کە شانسی ناسین لە نزیکەوەیم پەیدا کرد.

کۆچی دوایی کاک تەیفوور بەتحایی بە خەسارێک بۆ سینەما و ئەدەبیاتی بەرگریی کورد دەزانم. جێ پەنجە و شوێن پێی ئەو لە دەوڵەمەندکردنی کولتووری شۆڕشگێڕانە و ئەدەبیات و سینەمای بەرگری‌دا شایانی ڕێز و پێزانینە، لە چاو و زەینی هۆگرانی ئەم بوارانە ون نابێ و، بەم زوانەش لە یادەکان ناسڕێتەوە.

هاوخەمی بنەماڵەکەی و هەموو خۆشەویستان و هۆگرانیم.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠

## تەیفوری بەتحایی



**سەرۆ قادر**

به ژیانئاوایی کاک تەیفور گەلێ غەمگین بووم. پێش ماوەیەک لە هەواڵپرسینیدا بە خەندەوە گووتی: چاوەڕوانی ڤیزام تا بە یەکجاری بڕۆم. مەبەستی ئەم سەفەرەی بوو. من جاری یەکەم تەیفورم لە ۱۹۷۹ دوای شۆڕشی ئێران دیت ئەویش لە شاشەی تەلەفزیۆندا، لە ناو زرمە و هوتافی شۆڕشگێڕاندا، دەقی دادگایی کردنی ئەو و خوسرەوی گولسورخی (شۆڕشگێڕی بەناوبانگی ئێرانی) پەخش دەکرا، هەردووکیان شان بە شانی یەکدی وەستابوون و خوسرۆ دیفاعە بە ناوبانگەکەی خۆی دەخوێندەوە. جاری دووەم بووینە هاوکار و یەکەمین ئەنستیتۆی پێگەیاندنی کادری تەلەفزیۆن و رادیۆمان لە هەرێمی کوردستان دامەزراند. بۆ ماوەی چوار ساڵ دەیان کادری سەرلەنوێ پێگەیاندەوە. بە شانازییەوە لەبیرمە کاتێک تێکۆشەری ناوداری کورد غەنی بلوریان میوان بوو، لەگەڵ تەیفور قاوەیەکمان لەلای خواردەوە، لە تەیفور ڕاما و ڕووی لە من کرد گووتی: ئەو پیاوە گەورەت لە کوێ دەستکەوت؟!

ئەوان هەردووکیان قارەمانی زیندان و دیفاعکردن لە وڵاتەکەیان بوون.

ئێستا بە شانازییەوە بۆ یادیان دەست لەسەر سنگ دەوەستم.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠

# "ژیان بەدەم زریانەوە" ڕێئالیسمێکی تاڵی کوردانەیە.



**شەهلا دەباغی**

"ژیان بەدەم زریانەوە" ڕێئالیسمێکی تاڵی کوردانەیە. بە قەولی خودی نووسەر ئەو ڕووداو و کارەسات و "ڕاستیانەی بە دنیای خەیاڵی نووسەردا تێپەڕیون و بوونەتە چیرۆک". وەک هەورە سوورەکانی خەونێک، وەک کاتێک نگابانێکی ناشیرین دەرگای زیندان دەکاتەوە و قەڵەم و کاغەزێک لەبەردەم "ژیان" دادەنێ تا وەسیەتەکەی بنووسێ. بەڵام ئینسانێکی تەنیا و بێکەس بۆ کێ ئاخر وشەی هیواکانی بنووسێ؟ ئەو هیوایانەی هەمیشە وەک چیرۆکی ئەسپەنجیری "ئامە"ن کە هەموو جار ژیان بە ئاوات بوو نەکوژرێ.

نووسەر باس لەو ڕووداوانە دەکا کە حەدیسی ژیانی زۆر کەسن بەڵام هەموو بە بێدەنگی لێیان تێپەڕ دەبین. ئەو ژنەی/چیمەن بۆ لەداو خستنی جاش کەڵکی لێ وەردەگرترێ بەڵام دوایە پێشمەرگە و ژنان ڕووی لێ وەردەگێڕن و بە بەدکارەی دەناسن. باسی ئەو کچەی ئاشقی پێشمەرگەیەک دەبێ و دوای چەند ساتێک تێکهاڵان بۆ هەمیشە دەبێ بەرپرسایەتی ئاوڵمەی ناو ڕوح و ڕەحمی بە تەنیایی هەڵگرێ. ئەو کچانەی لە ئاخر ڕۆژی ساڵ لە ژێر خۆمپارە منداڵەکەیان لە دایک دەبێ و زیستان دەکەونە زیندان و لە ژێر ئەشکەنجە فەلەج دەبن و قەت منداڵەکەیان نابیننەوە، تەنانەت ئەگەر لە حەوشەیەکدا بژین.

"ژیان بەدەم زریانەوە" بەسەرهاتی ئەو منداڵە بێ دایک و بابانەیە کە بە هەژاری لە لای "ئامە" گەورە دەبن و ئامە تاقە بزنی خۆی بۆ دەفرۆشێ. بەڵام منداڵێک کە دایکی لە زیندانە و کەس نازانێ بابی چی بەسەر هاتووە و ئامەش بەرەو پیری

و مەرگ دەڕوا چ چارەنووسێکی دەبێ هەبێ؟ "ژیان" بە هەژاری لەم ماڵ و ئەو ماڵ گەورە دەبێ بەڵام ژیانی ئەو هەمیشە لەبەر دەم زریانە، تەنانەت کەسی نییە تا لە ژێر ئێعدام وەسیەتی بۆ بنووسێ. با کەسێک هەیە، کەماڵ کە لەگەڵ سەفورا زەماوەندی کردووە. سەفورا، کچێک کە دووراودوور خۆشی ویستووە و دواتر مێردی کردووە. ئاخر کوڕێکی هەژار کە جێگای خەوی نییە کوا دەتوانێ لەبیر ژیانی هاوبەش بێ؟ بەڵام لەژێر ئێعدام دەنووسێ:

"کەماڵ گیان ئاگات لە سەفورا بێ."

ڕۆمانی "ژیان بە دەم زریانەوە" بەسەر هاتی نەتەوەیەکی بێ ناسنامە، ژنێکی بێ ناسنامە، منداڵێکی بێ ناسنامەیە. ئەوان لەم جیهان بەرینەدا کەسیان نییە و هەمیشە ڕووداو لە دوای ڕووداو بێکەستر و هەژارتر دەبن.

ئەگەر سەردەمانێک فلۆبێر و گورکی و بالزاک ڕۆمانی ڕێئالیستی نەتەوەی خۆیان دەنووسییەوە، ئەمجار "بەتحایی" دێت واقعە تاڵەکانی کورد دەنووسێتەوە، ئەو واقعانەی داگیرکەر و خۆمان دەستمان تێیاندا بووە. ئەو واقعانەی "تیپ"ی دایکی چیمەن، چیمەن، ژیان، ئامە بەرهەم دێنن و لە کۆمەڵگادا بێکەس و بێ پەنا بەدەم زریانەوە دەژین. تەنانەت ژیانی تیپەکانی دیکەی کۆمەڵکا وەک حەمە، سیامەک، کامیل، باجی پیرۆزە هەموو وەک تاکی نەتەوەیەکی هەژاری بندەست هەر بەدەم زریانەوەیە.

هەڵبەت ڕێئالیسمی بەتحایی تێکەڵاوی ئیدەئالیسمێکی سۆسیالیستییە و بە ئاواتە ڕۆژێک کارگەری کورد چەوسێنەری داگیرکەری خۆی بناسێ و کرێکاران سەندیکای خۆیان هەبێ و لەبەرامبەر "مەهەندس"ی ئەشکەنجەگەردا بێدەنگ نەبن و ڕۆژێک وەک فایەق بە جەرەسەقیلێک کۆڵێک بێتۆن بەسەر ئەشکەنجەگەردا بکەن. بەڵام پرسیار ئەوەیە کە بۆ ژیان قەتڵی ئەوان وەئەستۆ دەگرێ؟ تا ڕەفیقەکەی، فایەق، نەجات بدا یا لە زریانەکانی زیندەگی ماندوو بووە و مەرگ وەک تەواوبوونی ڕەنج دەبینێ؟ وەک چیرۆکی ئەسپە ئەسپەنجیر کە هەموو جارێک ئامە بە شێوەی جۆراوجۆر ڕووداوەکانی بۆی دەگوتەوە بەڵام لەئاخردا هەر دەکوژرا و ژیان بەئاوات بوو نەکوژرێ. ڕەنجی ژیان و نەتەوەیەک بێ کۆتاییە و نەسڵ لەدوای نەسڵ تێکشکاو و لەسەر ئەژنۆ دەکەونە زیندان.

بەڕاست مانایی وەها ژیانێکی پڕلە هەژاری و لەناو زینداندا چییە؟ ڕەنگە قسەکەی ئامە دروست بێ کە "زینگی سەردیشی هەس و گەرمیشی هەس. بە بۆنەی گەرماکەوە، سەرماکە تاقەت بێرا." بەڵام ئەدی کاتێک سەرمای ژیان هەزار قاتی گەرماکە بێ؟

"ڕەنگە ئەمە ئەو شتەیە کە پێی دەڵێن غەریبی. ئەو هەستە کە دواتریش لە هەموو شوێنێک لەگەڵمدا بووە و هەر ماوە." بەتحایی تەنیا نووسەری ڕۆمان نییە، بە بەشی خۆی مێژووی نووسیوەتەوە. ئەو هاوڕەدیفی "گلسرخی" بوو کە زیندانی شایان لەرزاند. یەکێکیان تیرباران کرا و ئەویتر زیندوو ما هەتا ڕەنج و ئازاری نەتەوەکەی بنووسێتەوە.

بەگشتی نووسینەکانی بەتحایی باسی تابۆ، بڤە، ڕەنج، ژیانی هەژاران، موعتادان و بێنەوایانی کوردە. لە ڕاستیدا بەتحایی ژیانی سەخت و پڕلە گرفتی زەحمەتکێشانی کورد بە دیکۆمێنت و ئارشیو دەکا تا ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان هەتاوی بەختەوەری ئینسانی کورد هەڵات و هەژاری نەما یا کەمتر بوو ئەو کات تەنیا لە ژیان وەکوو خۆی و ژیان بەدەم زریانەوەدا بتوانین بزانین کە سەردەمانێک هەژاری و نەهامەتییەکی وەها پڕ ژان و کێماویش بووە. بەڵام تا ئەو کات هەژاران ڕۆژانە بەم جۆرە دەژین، بێ جوانکاری دەق و لە واقعدا. دروست وەک ژیان وەکوو خۆی و وەک ژیان کە زۆربەی جار ڕەشتترە لە مەرگ.

نووسەری چیرۆک بەهیچ جۆرێک نابێ "سازش" بکا، خۆی سانسۆر بکا و ئازادی نووسین لەژێر پێ بنێ. تەنانەت ئەگەر تەریک و تەنیا بکەوێ. تەیفوور بەتحایی بێ خۆسانسۆڕکردن باسی هەموو گرێکان دەکا.

* بۆ کۆڕێکی ئەدەبی لە کتێبخانەی کوردی بەهار قسەم لەگەڵ کاک تەیفوور کرد. "......"

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠

## مستەفا هیجری: کۆچی دوایی کاک تەیفوور بەتحایی جێگای پەژارەی هەموومانە



**لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی کۆچی دوایی کاک "تەیفوور بەتحایی" پەیامێکی بڵاو کردەوە.**

کۆچی دوایی کاک تەیفوور بەتحایی، کەسایەتیی شۆڕشگێڕ و هونەرمەند و نووسەری کورد جێگای پەژارەی هەموومانە. بەو بۆنەوە سەرەخۆشیی خۆمان پێشکەشی بنەماڵەی بەڕێزی و دۆستان و هاوڕێیانی و بەتایبەت هونەرمەندانی کورد و خەڵکی تێکۆشەری سنە دەکەین. یادی و ناوی بەرز

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

لێپرسراوی گشتی

مستەفا هیجری

۲۱ی خەرمانانی ۱۳۹۹ هەتاوی

۲۱ خەرمانان ۲۷۲۰

## کاکە تەیفوور بەتحایی ماڵئاوایی لێکردین.



**مەولوود سوارە**

سەرەخۆشی لەبنەماڵەی بەرێزیان و هەموو دۆستان و خۆشەویستانی کاک تیفوور دەکەم و خۆمان بەشەریک و بەشداری خەمیان دەزانین، روحی شاد.

یەکەم جار لە هێزی ئاوارە سالی ١٣٦٠ لەگەڵ کاک تیفور ئاشنا بووم، ئەوکات کاک وەستا عبداللە هاوکاری کاک تیفوور بوو بۆکاری فیلم بەرداری هاتبوون. کاک تیفوور لەوێ داوای لەمن کرد کەلەبەشێکی فیلمەکەدا هاوکاریان بکەم ،دوای بۆ کاروباری دروست کردن و ئیدیت و مونتاژی فیلمەکە لەلایەن حیزبەوە کاک تەیفوور نێردرا بۆ پاریس، ئەو فیلمەی نێوی لێ نرا نان و ئازادی ئەوکات یەکەم بەرهەمی کاری فیلم بوو لە حیزبی دێموکرات.

روحی کاکە تیفوور شاد بێت.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠

# تەیفووری بەتحایی و خێڵی درۆ



**ڕەسووڵ سوڵتانی**

ئەمدەناسی، جا بۆ درۆتان عەرز بکەم! لە نێو حیزبیش (پێش لەتبوون و دوای لەتبوون) جاروبار نەبێ یەک دوانێک لەوانەی قەدیم لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران کاریان کردبوو، قەت هیچ کەس بە گرینگییەوە ناوی نەهێنا. وەک نەبووبێ وابوو. وەک ملۆزمێک بووبێ و لەکۆڵ حیزب بووبێتەوە.

ئەوە ئێستا ئەو هات و هاوارەتان لە چییە؟ تا زیندوو بوو، چەند جار بانگتان کردە تیڤییەکانتان و بۆچوونیتان وەرگرت؟ چەندەتان پرس پێ کرد؟

چەند ڕێوڕەسمی ڕێزلێنانتان بۆ پێک هێنا؟

ئەی دەڵێن چی خێڵی درۆ؟

هەشت ساڵ لە کوردکاناڵ کارم کرد، بۆچی جارێک لە دووتان نەنارد بێتەوە هێندێ شتمان فێر بکا؟

نەدەهاتەوە؟ بۆچی باستان نەکرد؟ دەترسان موهیم بێ و بیێتەوە بە کۆمیتەی ناوەندی؟ کورە دەبڕۆن ماڵتان نەڕمێ ئەرێوەڵلا.

جا بەش بە حاڵی خۆم، بۆخۆم دەڵێم:

لە قوونێ وەی بەم ئێستا ڕێزم ناگرێ و پاش مردن شینم بۆ دەگێڕێ.

بۆیە گوتی: ئەرێ مام مەولوود، بمرم بۆم دەگری؟

گوتی وەرە تا زیندووم تۆ بۆم بگرە...

ئاوایە ڕێگەی شێتەکان......

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٤ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

# بە بۆنەی کۆچی ناوادەی ئەم گەورە مرۆڤەی کوردەوە



**رامبود لوتفپووری**

بە داخەوە ئەمڕۆ بە بیستنی هەواڵی دڵتەزێنی کۆچی دوایی خەباتکاری هونەرمەند کاک تەیفور بەدحایی لە ناخی دڵەوە هەژام و خەمێکی گەورە دایگرتم. کاک تەیفور جگە لەوەی کە وەک هاوڕێ و هاوخەباتێکی دڵسۆز، بەتوانا و راستگۆ خۆشەویستییەکی تایبەتیی لە دڵمدا هەبوو، وەک هاوڕێ و هاوپۆلییەکی سەردەمی گەنجێتیی باوکیشم لە لام ئازیز و بەڕێز بوو. خۆی لە راستیدا بەرلەوەی کە بۆ یەکەمجار و دوایین جار لە سوید لە شاری یوتوبوری کاک تەیفور ببینم، کاک تەیفورم لە نێو قسە و بیرەوەرییەکانی باوکمدا ناسیبوو و بە دەیان و سەدان وێنای جوانی لە مێشکمدا هەبوو. بۆیە یەکەمجار کە لە نزیکەوە دیتم قەت هەستم نەکرد کەوا پێشتر نەمدیتبێ. ئاشنا بوو ئاشنایەکی خۆشەویست. گومانم نیە کە نەمانی ئەم مرۆڤە مەزنە خەسارێکی گەورەیە بۆ کۆمەڵگای ئەدەبی و هونەریی کوردستان و کەمایەسییەکی قەرەبوو هەڵنەگریش دەبێ بە سیمای خەباتی نەتەوەییمانەوە.

بە بۆنەی کۆچی ناوادەی ئەم گەورە مرۆڤەی کوردەوە سەرەخۆشی لە هەموو دڵسۆزانی کورد بە تایبەت دۆستان و بنەماڵەی بەڕێزی دەکەم.

یادی ئازیزی بەرز و بەڕێز بێ

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠

## کۆچی تێکۆشەری دێرینی دێموکرات ،دڵسوز و هونەرمەند، کاک تەیفوور بەتحایی.



**موسا باباخانی**

یەکەم کەس کە دوەرەی ڕاگەیاندنێ  بە شێوەی زانستی بۆی کردینەوە کاک تەیفوور بوو،دواتریش تا چەند مانگ لەوە پێش بۆ زۆر بابەتی تەلەفزیۆنی هاوفکریم لەگەڵ دەکرد و هەموو جارێ بە باشترین شێوە ڕێنوێنی دەکردم.

لەسەر خەبات بە دژ ڕێژیمیش کە پێکەوە قسەمان دەکرد هزرێکی بە تەواوەتی شۆڕشگێڕانەی هەبوو.

وەک مامۆستای خۆم لە بواری ڕاگەیاندن،خۆم بە شەریکی خەمی کەس و کارتان دەزانم.
ڕۆحت شاد بوو.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠

## هەزاران سلاو لە گیانی هونەری شۆرشگێریت.



**شێرکۆ جەلیل گادانی**

یەکەم دەرهینەری فیلمی کوردی سینەمایی لە ئاستی پرۆفێشۆنالدا بە دەستی پڕ لە هونەری ئەم نەمرە لە دەورانێکی سەخت و دژواردا و بە هاوکاری وەستا عەولا سازکرا.

هەزاران سلاو لە گیانی هونەری شۆرشگێریت.

سەرەخۆشی لە بنەمالەی بەرێزیان دەکەمو خۆم بە شەریک خەمتان ئەزانم .روحی شاد بێت و سبوریتان بۆ داواخوازم.
دەرهێنەر و وێنەگر: تەیفور بەتحایی

ساڵی تەواو بوون ١٩٨٤ ئەم فیلمە لەو شوێنانەی گیراوە کە لە ١٩٨٠ هەتا ١٩٨٤ لەبەر دەستی پێشمەرگەدا بووە. ژیان، کار و شەڕ و بەرگری ناوەرۆکی کارەکەیە. فیلم نان و ئازادی.١٩٨٤

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠

## بێ شک مەرگی کاک تەیفور خەسارێکی گەورەیە



**نەریمان مەنبەری**

بە داخەوە من هیچ وەخت شانسی ئەوەم نەبوو کە لە نزیکەوە کاک تەیفوور بەتحایی ببینم، بەڵام ئەوەی کە تا ئێستا لە دوورەوە لە سەر بەڕێزیان بیستومە، ئەوە بوە کە ئەو ئێنسانێکی ڕووناک بیر،نووسەر، فیداکار، تا بلیت نیشتمانپەروەر و خۆ نەویست بوە و لە ڕێگای زەحمەت و تێکۆشانەکانیەوە گەلێک خزمەتی بە دۆزی ڕەوای گەلەکەمان کردوە

بێ شک مەرگی کاک تەیفور خەسارێکی گەورەو گران و قەرەبوو نەکراوە

بەم بۆنە خەمناکەوە سەرە خۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزیان، گشت قەوم و خزمان ئەکەم و هیوای سەبوور بوون بۆ هەموو لایەکیان دەخوازم

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠

## کاک تەیفوور مرۆڤێکی خەباتکار و لێهاتوو بوو



**کاووسی عەزیزی**

تەیفوور بەتحایی کەسایەتیی سیاسی و سینەماکاری شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەندامی بەریی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانماڵئاوایی لە ژیان کرد.

کاک تەیفوور بەتحایی جگەلە دروست کردنی فیلمی نان و ئازادی  کە خەباتی خەڵک و پێشمەرگەیە چەندین نووسینی گرینگی هەیە. کاک تەیفوور مرۆڤێکی خەباتکار و لێهاتووی نێو بزاڤی نەتەوایەتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو.

ڕووحی شاد و سەری کەس و کار و نەتەوەکەی خۆش بێ

**بەتحایی لە وتوێژ دەگەڵ کاک حەسەن قازی:**

بەتحایی: دیارە پێشتریش کارم کردووە، بەڵام ئەو دەم کە لە شاخەکان بووین چوار فیلمم دروست کردە. یەکێکی درێژ بوو ناوی "نان و ئازادی" بوو، یەکێکیان "هەوار" ە کە بەس چوونە هەواری کۆچبەرانە کە چۆن دەچنە هەوار و لەوێ ژیانیان چۆنە زۆر کورتە. یەکێکی دیکەش بە ناوی  "شاخە سەربەرزەکانی کوردستان" باسی ژیانی پێشمەرگەیە و یەکێکیش بە ناوی "ڕووناکایی شەمەکان" باسی ژیانی خەڵکە لە ژێر تەوژمی ئەو گەمارۆی ئابووری کە لە زمانی شەڕەکە دا هەبوو. ئەو چوار فیلمەم لەوێ ساز کردووە.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠

## ئۆغرت بەخێر کاک تەیفوور



**سیاوەش گۆدەرزی**


**بە دوای کرامت الله دانشیان و خوسرەو گولسورخیدا**
**ئیمڕۆ نۆرەی تەیفووری بەتحایش هات...**
**ئۆغرت بەخێر کاک تەیفوور**

**ئەوان چەخماخەکانی ڕاچەنینی چەکداری چلەکان بوون، ئایکۆنی پەنجاکان و شەستەکان و ئایدۆل و ئیلهامی ئێمەی گەنج و جێگەی شانازی هەتا مردنمان.**

**«... چ جیاوازییەکی هەیە کە تۆ تورک یان کورد یان فارس بی...، کاتێک کە ڕەنجی مەزنت، غەمی ئینسان و هیواکانت هەنگاوێکی بچووک بێت بۆ خوڵقاندنی جیهانێکی تەنیا کەمێک ئینسانیتر ...» زوهرە ئەسەدپوور**

**سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠**

## مەرگی ناوادە و دڵتەزێنی.تەیفۆور



**حەسەن قازی**

**بە داخەوەهەر ئێستا لە دۆڵی خەبەران دا بیستم تێکۆشەری ناسراو، سینەماکاری هێزا، دۆستی خۆشەویست و هاوسەری بەئەمەگی ژیلاو بابی وەفاداری دوو منداڵەکانیان، تەیفوور بەتحایی دوای ماوەیەک نەخۆشی لە شاری یۆتەبۆری لە سوێد سەری ناوەتەوە. دوای مەرگی ناکاوی دەیڤید گرەیبر لەم مانگە دا ئەوە دووەمین مەرگی ناوادە و دڵتەزێنە.تەیفۆور زۆر بەرهەمی لە دوای خۆی جێهێشتووە لە فیلمەوە بگرە، تا ڕۆمان و وەرگێڕان و ژیانی هەر مانی دە بەرهەمەکانی دا دەمێنێ. لەناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە ژیلا و منداڵەکانیان، لە خۆم وهەموو هاوڕێ و دۆستانی دەکەم. سەری گەلی کورد ساخ بێ.**

**سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠**

## مال ئاوایی تێکۆشەریکی دیکەیی دێرینی دێمۆکرات



ناوەندی پێشمەرگە دێرینەکانی دێموکرات

کاک تیڤور بەتحایی ئەو شۆرشگێرە خۆ نەویستەیی کە هەموو ژیانی لە پێناو رزگاری خاک و نیشتیمانە کەیی دانا روحت شاد و ریگەیی خەبات و تێکۆشانت پڕ ریبوار.

نانت هەبێ ئازادیت نیە
ئازادیت هەبێ نانت نیە

بەرهەمی فیلمی نان و ئازادی کە دێکۆمینتاری راستەقینەیی گەلی ژێر دەستی کورد و خەبات و تێکۆشان و بەرگری کردنی هێزی پێشمەرگەیی کوردستانە وەک یادگارێکی بێ وینەیی کاک تیفور ئەمانتێکی پاریزراوە لایی تێکۆشەرانی دێمۆکرات.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠

## بۆ کۆچی کاک تەیفوور بەتحایی



**ئارەش زەمانی**

تەیفور بەتحایی لە دایک بووی ٨ی مارسی سالی١٩٤٧ بوو کە لە شاری سنە چاوی بە دیتن هەڵ هێنا و خوێندنی سەرەتایی لە سنە تەواوو کرد. بە دوای کۆتایی خوێندن بۆ ماوە یەک سال لە سوپای دانش وەک ماموستا وانەی وتەووە، کاک تەیفور لە ساڵەکانی ١٩٦٩ هەتا ١٩٧٢ لە بواری هونەر و سینەما لە بەشی وێنەگرتن دا لە تاران درێژەی بە خوێندن دا . کاک تەیفور بەتحایی لە سەرەتا دەیەی ٧٠ زائینی دا بە هۆی لایەنگەری لە بیری چەپ و ئەندامەتی لە گرووپی بە ناو "دوازدە" لە گەڵاڵەی بەبارمتەگرتنی " فەرەح پەهلەوی"زیندانی هەتاهەتایی بەسەر دا دەسەپێ وتا کاتی شورشی گەلانی ئێران لە ١٩٧٩ لە زیندان دەبی و دوایی بە هویٚ سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران لە گەڵ سەرجەم زیندانییە سیاسییەکان رزگاری دێت و دەگەرێتەوە کوردستان  و خەباتی سیاسیی خویٚ لە ناو رێزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا درێژە ئەدا بۆ یەک چەندین بەرپرسایەتی لە حیزب دا وە ئەستوو گرت و بۆ بە ئەندامی کۆمیتە ناوندی حیزبی دیموکراتی کوردستان و لە سالی ١٩٨٥ رووی کردە  وەڵاتی سوید و لە ئەویٚ نیشتەجیٚ بوو و لە پاڵ چالاکی سیاسیی خویٚ لە سوید دا بوو بە ماموستای فیلمی دێکومێنیتار و لە بواری نووسین و پەیکەرە سازیش دا چالاک بوو کە بە داخەوە دوایی ماوەیکی زۆر بەربەرەکانی لە گەل ناخوشی شێرپەنجە کە وەڵاتی سوید و لە تەمەنی 65 سالەی دلە گەورە و پر لە ئاواتەکەی بۆ هەمیشە لە لێدان کەوت و کۆری یاران و بنەماڵەکەی بەجی هێشت یاد و ناوی هەر دەم زیندوو بێت

بەشێک لە بەرهەمەکانی کاک تەیفور بریتی بوون لە:

١) ئاغەی چۆخ بەخت یۆغ ١٩٩٠

٢) ژیان بە دەم زریانەوەکە

رووما‌ن بوو ١٩٩٣

٣)چوار رەوایەت یان چوار وتوویژ ١٩٩٨

دارا و نەدار وەرگێراوە لە زەمانێ سویدییەوە سالی ٢٠٠١

و چەندین بەرهەمی تر کە ئاخرین بەرهەمی "ئەسپە نەجێر" بوو سالی ٢٠١٨ دەرچوو، یەکێک لە ئەو فیلم و دێکومێنیتانەێ لە یاد و بیری خەلکی کورد دەمێنێتەوە بۆ هەمە "نان و آزادی" بوو کە لە سەر ژیان و خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

# بەداخەوە کاک تەیفور بەجێی هێشتین



**هێمن سەیدی**

بەداخەوە کاک تەیفور بەجێی هێشتین و تێکەڵ بە کاروانی نەمران بوو. ژیانێکی پر بەرهەم و پر دەسکەوتی تێپەر کرد، ئەرکی خۆی بە باشی بە نیسبەت بزوتنەوەی چەپی ئێران و بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردستان و هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام دا و هەموو ژیانیشی پاک و سەربەرزانە ژیا.

چەند ساڵ لەمەوبەر ئەم پۆستەم لەسەر کتێبەکەی کاک تەیفور بڵاو کردەوە. سپاس بۆ کاک حەسەنی قازی کە خێرا پێوەندی پێوە گرت و کاک تەیفوری بۆ ستێرک تی ڤی دەعوەت کرد تا لەسەر ژیانی خۆی و کتێبەکەی بدوێ. لینکی چاوپێکەوتنەکە لە کامێنتی ژێر ئەم پۆستە دادەنێم.

یادی کاک تەیفور هەر زیندوو و هەر بەرز و بەرێز بێ

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠

## تا ئێستا جێگە و پێگەی ئەم گەورە پیاوە لە ڕیزەکانی دێموکراتدا لە کوێ بوو؟



**شەونەم هەمزەیی**

تا ئێستا جێگە و پێگەی ئەم گەورە پیاوە لە ڕیزەکانی دێموکراتدا لە کوێ بوو؟

ئەم پیاوە گەورە، ئەو کەسایەتییە دیارەی نێو بزووتنەوەی کورد ماڵاوایی کرد و ڕەوانی شاد.

بەڵام تا کۆچی دوایی و ماڵاوایی لە ژیانی، کەسێک نەهات باس لە گەورەیی و خزمەت و ژیان و بەرهەمەکانی ئەو پیاوە بکا و بۆ جارێک ڕێزی لێ بگرن، یان لانیکەم بە نەوەی نوێی بناسێنن.

ئێمە تەنیا دوای مردن دەتوانین وەسفی کەسەکان بکەین کە ئەو کات ئیتر نە بۆ خۆی و نە بۆ کەس سوودێکی نابێ.

ئێمە فێر بووین لە زیندوو بترسین و بە پارێزەوە ڕێز لە زیندوو بگرین، لەوە دەترسین ڕۆژێک ڕوانگەی بگۆڕدرێ و ئێمە شەرمەزاری تاریف کردنەکەمان! بین. ئێمە هێمای کۆنسێرڤاتیزمین بەداخەوە.

ئێمە وتەی خۆمان بە پیرۆز دەزانین و لە گۆڕان دەترسین، ئێمە تەنانەت ئامادە نین بە بڕگەیەکی ژیانی کەسێکدا هەڵبڵێین؛ نەوەک دواتر بگۆڕدرێ و قسەی ئێمەش - کە زۆر پیرۆزە - بکەوێتە سەر عەرز و تۆزاوی بێ.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠

## یادی و ناوی کاک تەیفوور بەرز و بەڕێز بێ.



**مادح ئەحمەدی**

پڕ بە داخەوە، تەیفوور بەتحایی، تێکۆشەری دێرین و ناسراوی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ هەمیشە بەجێهێشتین. کاک تەیفوور، کەسایەتییەکی پڕ بەرهەم و پێشەنگ بوو کە شوێنەواری بەرهەمەکانی بۆ هەتاهەتایە لە ئەدەبیاتی بەرگریی کورد دا دەمێنێتەوە. بەتحایی لە قۆناغێکی دژواری خەباتدا لە رێگای سینەما و فیلم و کامێراکەیەوە، بەگژ داگیرکاری و ستەمدا چووەوە و داکۆکی لە ماف رەواکانی نەتەوەکەی کردەوە.

ئەو لە گەرەکی "جەوراوا"ی سنەدا، لە نێو چینی هەژاری کۆمەڵگەدا گەورە ببوو، بۆیە خەمی هەژاران و مافخوراوان هەوێنی بەرهەمە بەنرخەکانی بوون.
بەم بۆنەوە، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و ئازیزانی کاک تەیفوور دەکەم و یادی و ناوی کاک تەیفوور بەرز و بەڕێز بێ.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠

# ژیان بەدەم زریانەوە



**رەحیم رەشیدی**

پێشتر فیلمی "نان و ئازادی"م دیتبوو. فیلمەکە لە سەردەمی بێکەرەستەیی دا بەرهەم هاتبوو تاکوو کارەساتەکان تۆمار بکات، مێژوو بنووسێتەوەو لە هەمان کاتدا راستەرێی خەبات بۆ ئازادی پیشان بدات. هاوینی ساڵی٢٠٠٧ ئەو کات لە پاریس دەژیام، بڕیاردرابوو وەکوو بەرپرسی لاوان لە دەرەوەی وڵات؛ بۆ بەشداری لە کۆنگرەی 4ی لاوان دا بچمەوە کوردستان. کاک حامید دروودی کادری تەکنیکی تیشک تی ڤی بوو داوای کرد پەڕتووکێک هەیە ببەمەوە بۆ مامۆستا حەمدی لە کۆیە. مامۆستا حەمدی کاتی خۆشی مامۆستام بوو لە فێرگەو دەمناسی.

"ژیان بەدەم زریانەوە" ئەو پەڕتووکە بوو بردمەوەو لە رێگای گەرانەوەداو لە ئاسمانی وڵاتان دا خوێندمەوە. دوایە پاش دیداری ئازیزێک لە سلێمانی کە پاش چەند ساڵێک دووری، چەند رۆژ پێکەوە بووین، دیسان بۆ جاری دووهەم ئەو پەڕتووکەم لە رێگای سلێمانی بۆ کۆیە خوێندەوە.

بەشێک لە قارەمانەکانی ئەو پەڕتووکە هەمان ئەو پێشمەرگەکانە بوون کە دەمناسین و کارم لەگەڵ کردبوون. گێرانەوەی ئەو هەموو نەهامەتی، شەڕ، هیوا، ترس و دڵەراوکێیانە لە راستی دا نەک هەر دارشتنەوەی رۆمانێک بەڵکوو تۆمار کردنی مێژوو بە هەموو باشی و خراپییەکانیەوە بوو. بەتحایی مێرخاسی وتنەوەو تۆمار کردنی بابەتە بڤەکان بوو...

چەند جاریش گوێم دابوە قسەکانی لە بەرنامەکانی "ڕامان" دا لە تیشک تی ڤی کە برای بەرێزم کاک فەریدوون ئەرشەدی

ئەو بەرنامەی بەڕێوە دەبرد. ڕۆژی ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠، پیاوەکی پڕ بەرهەمی کورد لە سوید دڵـە گەورەکەی لـە لێدان کەوت. ئەو تەیفووری بەتحایی خاوەنی "ژیان بە دەم زریانەوە" بـوو. بـەتحایی، نووسـەر، وەرگێـر، سینەماکار، پـەیکەرساز بوو، ئەو دەیان بەرهەمی بەپێزی لە پاش خۆی بەجێهشت و بۆ هەمیشە ناوی بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

یادی ئازیزی بەخێر بێ

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٢ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠

## کۆچی دوایی کەسایەتی ناوداری کورد کاک تەیفوور بەتحایی




**ڕێکخراوی جیهانی کورد**

کۆچی دوایی هونەرمەند، نووسەر و خەباتکاری زانا و ماندوووینەناسی کورد، مامۆستا تەیفوور بەتحایی لە ڕۆژی پێنج شەممە ١٠ - ٩ - ٢٠٢٠ هەموو لایەکی تووشی خەم و پەژارە کرد.
بەڕێز بەتحایی لە هەرەتی لاوەتییەوە دەستی بە خەبات و تێکۆشان لە پێناو دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکان و هەروەها دابینکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی کرد.

ناوبراو لە ساڵی ١٣٥٢ی هەتاوی وێڕای چەند کەسیتر لە خەباتکاران، وەک گولیسورخی و دانشیان، لە لایەن دادگای سیستەمی پاشایەتی سزای زیندانی هەتاهەتایی بەسەردا سەپا.

لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بە هۆی ڕووخانی ڕژێمی شا، لە بەندیخانە ڕزگار دەبێت و سەرلەنوێ ڕێگای خەبات و تێکۆشان دەگرێتە بەر.

بەڕێز بەتحایی خاوەنی کۆمەڵێک بەرهەمی بە پێز لە بوارەکانی فیلم، ڕۆمان و ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕییە.

بە کۆچی دوایی بەڕێز بەتحایی، نەتەوەکەمان کەسایەتێکی دیکەی دنیای هونەر و سیاسەتی لە کیس چوو.



سەرچاوە
Serchawe

ڕێکخراوی جیهانی کورد، وێڕای دەربڕینی خەم و پەژارە هاوخەمی خۆی بە بنەماڵە و دۆستان و سەرجەم خەڵکی کوردستان ڕادەگەیەنێت و یادی ئەو تێکۆشەرە سادق و بە ئەمەگە زیندوو ڕادەگرێ.

**ماڵپەڕی ڕێکخراوی جیهانی کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠**

---

## هونەرمەندێکی کورد کۆچی دوایی کرد




تەیفوور بەتحایی نووسەر و هونەرمەندی سینەماکاری کورد-ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تەمەنی ٧٣ ساڵیدا کۆچیی دوایی کرد

تەیفوور بەتحایی نووسەر و سینەماکار و چالاکوانی سیاسی لەدایکبووی ٦ ی ئازاری ١٩٤٧ ی شاری سنە-ی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و خوێندنی سەرەتایی هەر لەو شارەدا تەواو کردووە.

بەتحایی لە ساڵەکانی ١٩٦٩ هەتا ١٩٧٢ لە قوتابخانەی سینەما و تەلەفزیۆنی تاراندا لە بەشی وێنەگرتندا خوێندوویەتی، لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوو بە هۆی لایەنگری ئایدۆلۆژی چەپ و ئەندامەتی لە گروپی ناونراو بە «گروپی دوازدە» لە گەڵاڵەی بەبارمتەگرتنی «فەرەح پەهلەوی» دا، دادگایی کرا و زیندانی هەتاهەتایی بۆ دەرچوو و کاتی شۆڕشی ١٩٧٩دا لەگەڵ زیندانییە سیاسییەکاندا ئازاد بوو و گەڕایەوە کوردستان پاشان لە وڵاتی سووید نیشتەجێ بوو.

ئەمانەی خوارەوە بەشێکن لە کار و بەرهەمەکانی تەیفوور بەتحایین:-

ئاغەی چۆخ بەخت یۆخ ١٩٩٠

ژیان بە دەم زریانەوە (ڕۆمان) ١٩٩٣

چوار ڕەوایەت (چوار وتووێژ) ١٩٩٨

دارا و نەدار لە دنیادا (وەرگێڕان لە سویدییەوە)٢٠٠١

گەلاوێژ (سەناریۆ/چیرۆک) ١٩٩٢

ژیان بەدەم زریانەوە (رۆمان) ١٩٩٣

مافی ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا (کاری هاوبەشی ژیلا فەرجی و تەیفور بەتحایی)٢٠٠٠

نووسینی سەناریۆ بۆ فیلم (وەرگێڕان لە سویدییەوە) ٢٠١٢

سەفەری خەیاڵ (ژیاننامە) ٢٠١٣

ژیان وەکوو خۆی (رۆمان) ٢٠١٥

ڕێکەوتی: ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

# تەیفوور بەتحایی سینەماکار و نووسەری رۆژهەڵاتی کوردستان کۆچی دواییکرد



تەیفوور بەتحایی لەگەڵ د. سادق شەرەفکەندی، سکرتێری پێشووتری حدکا

**فریا یونسی**


ئێوارەی ئەمڕۆ تەیفوور بەتحایی، سینەماکار و نووسەری رۆژهەڵاتی کوردستان لە سوێد کۆچی دواییکرد.

تەیفوور بەتحایی یەکێکە لە پێشەنگەکانی سینەما و نووسینی رۆمانی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان. رۆژی ٨ی مارسی ١٩٤٧ لە شاری سنە لەدایکبووە و هەر لەو شارەی رۆژهەڵاتی کوردستان خوێندوویەتی تا ساڵی ١٩٦٩. لەو ساڵەوە تا ساڵی ١٩٧٢ لە خوێندنگەی باڵای سینەمای ئێران خوێندوویەتی و بڕوانامەی فیلم هەڵگرتنی لەو خوێندنگەیە وەرگرتووە.

تەیفوور بەتحایی یەکێکە لە کەسە یەکەمەکان کە لە رۆژهەڵاتی کوردستان کاری سینەمای کردووە و یەکەمین بەڵگەفیلمی لەسەر سینەمای کوردی تۆمارکردووە کە یەکێک لەوانە فیلمی نان و ئازادییە کە ناوبانگێکی زۆری هەیە.

لە سەرەتای ٧٠ کانی سەدەی رابردوو بە تاوانی ئەندامێتی لە گرووپی ١٢ و چەپخوازی لە ئێراندا، لەگەڵ خوسرەو گوڵسورخی، شاعیری شۆڕشی ناسراوی ئێرانی و ١٠ کەسی دیکە سزای گرتووخانەی ئەبەدی بەسەردا سەپا. لە شۆڕشی گەلانی ئێراندا لە ساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ بەندکراوانی سیاسی دیکەی ئێران ئازادکرا و گەڕایەوە بۆ کوردستان.

تەیفوور چەندین رۆمان و کتێبی چیرۆکی "دەگمەنی" هەیە کە بە یەکێک لە نووسەرەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە بواری



تەیفوور بەتحایی لەگەڵ د. سادق شەرەفکەندی و مستەفا هیجری

رۆمان و چیرۆک ناوی تۆمارکراوە. کتێبی لە کوردستانەوە بۆ کوردستان یەکێکە لەو کتێبانەی کە لە چوارچێوەی ژیاننامەی کوڕێکی سنەییدا نووسراوە.

تەیفوور بەتحایی خۆی بە چاوی خۆی شەڕی ٢٤ رۆژەی سنەی بینیوە و تۆماری کردووە، بەڵام بە درێژای ئەو چەندساڵەدا جگە لە چەند میدیایەک نەبێ، زۆر خۆی لە هەڤپەیڤین و دەرکەوتن نەداوە. هەروەها چەندین وەرگێڕانی هەیە کە یەکێک لەوانە کتێبی داراکان و نەدارەکانی ستیڤان روستیلیووسە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - ڕێکەوتی: ١٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠

## هەڤپەیڤین لەگەڵ تەیفوور بەتحایی لە مەڕ کتێبی "سەفەری خەیاڵ" لە "کورسان" وە هەتا کوردستان




**حەسەن قازی**: بینەرانی بەڕێز بەخێربێنەوە بۆ بەرنامەی خۆتان، بەرنامەی ڕاوێژ. لە ڕاوێژی ئەمجارە دا زۆر بە خۆشییەوە میوانداری دەکەین لە ڕێزدار تەیفووری بەتحایی کە سیمایەکی ناسراوە، بەڕێز تەیفووری بەتحایی هەم نووسەرە، هەم سینەماکارە، هەم ڕەخنەگری ئەدەبییە و هەر وەها فێرکاری کاروباری مێدیایی یە. لەو بەرنامەیە دا بە بۆنەی بڵاوبوونەوەی ئاخرین کتێبی بە ناوی "سەفەری خەیاڵ" کە لێرە دا دەیبینن بە زمانی کوردیی سۆرانییە، و هەر وەها بە زمانی فارسیش دەرکەوتووە. دە ڕاستیدا لە ناو ئەو بیوگرافیانەی، ژیننامانەی کە دەو ساڵانەی دواییدا نووسراون ئەوە بە بۆچوونی من زۆر چاوڕاکێش بوو، بەو بۆنەیەوە بانگهێشتمان لە بەڕێزیان کرد لە بەرنامەی ڕاوێژ دا بەشداری بکەن لە ستێرک تیڤی و زۆر خۆشحالین دەعوەتی ئێمەی قەبووڵ کردووە. زۆر بە خێر بێی کاک تەیفوور،

**تەیفوور بەتحایی**: زۆر سپاست دەکەم، سڵاو بۆ بینەرانتان و سپاس بۆ ئێوە کە ئەو بانگهێشتنەتان کرد.

**حەسەن قازی**: پێش ئەوەیکە بێینە سەر هێندێک تاوتوێ کردن و باسکردنی ناوەرۆکی "سەفەری خەیاڵ"، بەر لەوەی بێینە سەر ناوەرۆکەکەی،ئەگەر دەکرێ کورتەیەک پێش کتێبەکە باس بکەی ؛ دواتر دەگەینە سەر کارەکانی دیکەشتان.

**تەیفوور بەتحایی**: پێش کتێبەکە مەنزوورت؟

**حەسەن قازی**: ژیانی پێش کتێبەکە! یانی ژیانی پێش ئەو شتانەی لە کتێبەکەدا نووسیوتە.

**تەیفوور بەتحایی**: ژیـانێکی پـێش ئەوە ژیـانێکی شەست سـاڵەیە چۆن من ئـاوا کورتی کەمەوە لە چوار کەلیمە دا؟، بەس دەکرێ بڵێم منداڵی من لە سنە بووە. لەوێ گەورە بووم دیپلۆمم وەرگرتووە و لەوەودوا لە سنە وەدەرکەوتووم بـۆ سەربازی و بۆ خوێندن لە زانکۆ و لەوەو دواش چوومەتە تێلێڤیزیـۆن ئیشم کردووە ،دوایەش چوومە زینـدان و دوایەش لە ئینقیلاب دا بەر بووین، ئازاد بووین و ژیانی پێشمەرگایەتی دەستی پێکرد، جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان دەستی پێکرد، ئەمنیش لەوێـدا بەشدار بـووم هەتـا دەگەیـنە سـاڵەکانی ٦٣ و ئەوانە بە تەقـویمی ئێرانـی و لەودوا هـاتمە دەرەوەی وڵات و لەو ئاخرانەشەوە چوار پەنج ساڵە چوومە کوردستانی باشوور.

**حەسەن قازی**: ووشیاری سیاسی بەڕێزت، یـانی کەنگێ دەتـوانی بـۆ خـۆت ئەگەر باسی بـکەی و لێکـاڵای کەیەوە لە کەنگێوە دەستی پێکرد؟ لە خوێندن لە دەورەی ئیمدادی یانی دەبیرستان یان کەنگێ؟

**تەیفوور بەتحایی**: نـا، دیارە هیچ شتێک لە پڕ دەست پێ ناکا. تەبیعەتن ئەو ژیانەی کە ئێمە هەمانبووە و لە ژێر چەپۆک دا و لە ژێر تەوژمی حکوومەتی پاشایەتیدا زەمینەی فەراهەم کردووە، بەڵام وەکوو چالاکی سیاسی هەمیشە وا بـوو ئەو دەم کە لە زانکۆ دەستی پێدەکرد. بۆ منیش هەر وا بـووە، هەر وا کە دە کتێبەکەشدا بە شێنەیی باسم کردووە کە چۆن لاوێکی شارستانی کە دەچووە زانکۆ تـازە لەوێ دنیایەکی بۆ دەکراوە کە زۆر شت هەیە دەبێ فێری بێ. بەتـایبەت، ئەو دەم کە ئێمە لاو بـووین دنیـا لە شۆڕشدا بـوو، دەکـرێ بڵێین سـاڵەکانی ٦٠ و ٧٠، بە تـاریخی میلادی دەبێـتە چل، پەنجا بە تـاریخی هەتاوی ئەو ساڵانە بوو کە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی وڵاتانی ژێر دەستە لە هەموو دنیا دەستی پـێ کرد بـوو، بە تـایبەت لە ئەفریقا و لە ئاسیا، شەڕی ویەتنام هەبوو، ئینقیلابی کووبا کرا بوو، جووڵانەوە ڕزگاریخوازانەکـانی ئەفریقا هەبـوون، لەودوا لە ساڵی ٦٨ی میلادی دا جـووڵانەوەی خوێنـدکارانی ئوڕووپـا هەیە کە جەنابت حەتـمەن خـۆت تێیـدا بەشدار بـووی، زیـاتری لێ دەزانی، ئەوانە هەموو تەئسیری دەکردە سەر خوێندکارێک کە لە تـاران دەرسی دەخوێنند یا لە تەبرێز، چون ئەو دەم لە ئێران دووسێ شار زیاتر نەبوو کە زانکۆی تێدابوو؛ شیراز بوو، تـاران بوو، تەبرێز. لەوێ ئەو فکرە سیاسییە بـۆ تـۆ دەهات هەموو ئەوانە چییە و بۆ ئێمە وەک خوێندکار و ڕووناکبیر و خەڵکی ئەو وڵاتە بۆ ئێمە جووڵانەوەیەکمان نییە، بـۆ ئێمە دەبـێ مل بـدەین جـا لەو دوا ئینسـان بیـری دەکـردەوە کە چ شیوە سیاسەتێک باشە یـا چ شێوە سیاسەتێک دەیخوا، نایخوا، چۆنە ئاوا.

**حەسـەن قـازی**: ئێسـتا ئەگەر بگەیـنە سـەر ئەو "پەروەنـدەی بـارمتە گـرتن" یـان ئەوەی کە لە لایەنـی تـۆ و دۆسـتەکانت تەرحێکی ئاوا هەبوو، گەڵاڵەیەکی ئاوا هەبوو کەسێک لە بنەماڵەی سەڵتەنەتی بە بـارمتە بگرن، بـۆ ئەوەی لە بەرانبەر ئەوە دا زیندانی سیاسی ئازاد بکرێن یان ئەوەی کە کەیسی زیندانە سیاسییەکان لە نـاو بیروڕای گشتی جیهـان دا بناسرێ.



سەرچاوە
Serchawe

بە تایبەتیش لە سەروبەندێکدا کە جێژنی ٢٥٠٠ ساڵەی شاهەنشاهی لە شیراز دەگیرا. وا بزانم دەو سەروبەندی دا کە ئێوە دەستتان بە چالاکییەکانتان کرد هێشتا بزووتنەوەی چریکیی شاری، یانی شەڕی پارتیزانیی شاری کە دواتر لەچەند ساڵ بەر لە ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی زۆر تەنیبووەوە، بەو شێوەیە نەبوو. دیارە لە کتێبەکەدا باستان کردووە، تا ئەو جێگای دەکرێ، ئەمن پێم وایە هەم بۆ بینەرانی ئێمە و هەم بۆ کەسانی دی سەرنجڕاکێش بێ، لەبەر ئەوەی ئەو دادگایەی ئێوە بە شێوەی عەلەنی بوو لەو سەروبەندیدا. ئەمن بۆ خۆم یەکێک لەو کەسانەم کە بە دژی ئەو حوکمی ئێعدامەی کە دابوویان بۆبەڕێزت و بۆ چوار کەس لە هاوپەروەندەکانت، ئەگەر چاکم لە بیر مابێ، چونکە زۆر لە مێژە، ١٩٧٢ی زایینی یە.

**تەیفوور بەتحایی**: چل و سێ ساڵ گوزەراوە.

**حەسەن قازی**: دوو حەفتەیەک ئێمە مانمان گرت لە نانخواردن. ئەگەر بکرێ بە شێوەیەکی هێندێک دوورو درێژتر لەوەی لە کتێبەکەدا هاتووە باسی بکەی. هەم حەول دان بۆ بارمتە گرتنەکە و هەم دادگایەکە.



**تەیفوور بەتحایی**: ئەوەڵ ئەوەی بڵێم، ئەوەی کە ئێوە لە چوار چێوەی کۆنفێدراسیۆنی خوێندکارانی ئێرانیدا ئەو کارەتان کرد، ئەوە بڵێم ئەوەل کە زۆر مایەی دڵخۆشی بوو بۆ ئێمە وەختێک خەبەرەکەمان دەبیستەوە. وە زیمنەن ئەوە تەئسیری کرد زۆر لە سەر ئەوەیکە ئێمە سێ کەس لەو پێنج کەسەی کە ئێعدامیان بۆ دەرچوو بوو ئێعدام نەکراین. یەکێک لەو هۆیانە ئەو مانگرتنانە بوو، ئەو ئێعترازانەی دنیا بوو چون ئەو دەم شا پێی خۆش بوو کە دێتە دەرەوە کە لێی دەپرسن بۆ ئێعدام دەکەی، فلان دەکەی جوابێکی هەبێ کە ئەویش هەمیشە ئەوەی دەگوت ئەوەی قەسدی من بکا دەیبەخشم، بەڵام ئەوەی کە قەسدی وولاتەکەم بکا نایبەخشم جا ئەوە یەکێک لەو هۆیانە بوو کە حوکمەکەیان شکاند.

**حەسەن قازی**: پێش ئەوەی بگەینە وێ ئەگەر دەکرێ هێندێک باسی خودی چالاکییەکە بکە.

**تەیفوور بەتحایی**: چالاکییەکان ئاوایە، ئەوەی کە جەنابت فەرمووت کە جووڵانەوەی چریکی دوایە دەستی پێکرد وا نییە پێش ئەوە دەستی پێکرد بوو.

**حەسەن قازی**: لە "سیاهکەل" ڕا دەستی پێکرد بوو

**تەیفوور بەتحایی**: دو ساڵ پێشتر و ساڵەکانی پەنجا پۆستری چریکەکانیان لە دیوارەکان دەدا کە مەردم بڕۆن یانی هەر کەس لە هەر کوێ کەسێکیانی دیت بچن ڕاپۆرت بدەن و ئەوانە. تەبیعەتەن ئەوەش یەکێک لەو شتانە بوو کە ئێمەش وەک خوێندکاری ئەو زەمانە سرنجمانی ڕادەکێشا و دەیبردین بۆ ئەو شێوە لە خەبات. تەنیا شێوەیەک بوو کە ئێمە دەمان دیت ئەو دەم. و تەبیعەتەن ئیمکانات شەرتە، چ ئیمکاناتێکت هەیە بۆ ئەو کارە، لە پڕ ئەو ئێمکانە هەر وەک لە کتێبەکەدا باسم کردووە پێش هات کە ئێمە بتوانین لەو بڵاوکردنەوەیە، لەو جەژنەی سینەمایی دا بەشدار بین و بتوانین لەوێ هەرایەک دروست بکەین یا گرەوگانێک بگرین. چ بوو؟ هەر لەو ساڵانەدا کە شەڕی چریکی دەستی پێکرد بوو، جووڵانەوەی چریکی دەستی پێکرد بوو، یا بڵێین جووڵانەوەی چەکدارانە باشترە، چون چەمکی چریکی زۆر بەرتەسکە، زیندانییەکانیان زۆر سەرکوت کرد بوو و خەبەرەکانیشی بە ئازادی نەدەهاتە دەرەوە. زیندانییەکان سەرکوت کرابوون، زیندانییەکی زۆر کەوتبوونە زیندان، بە هەر بەهانەیەک لەگەڵ ئەو جووڵانەوەی تازە هاتبوونە زیندان و ئەوە بوو بە ئەنگیزەیەک بۆ ئێمە کە بێین ئەو تەرحە دابڕێژین. لە لایەک ئەو ئیمکانەی کە پێش هاتبوو، لە لایەکیش ئەو فکرە کە ئەڵئان ئێمە دەبێ بە دنیا ڕابگەیێنین کە لە ئێران زیندان هەیە، چون ئەو دەم پێیان دەگوت "جەزیرەی ئارامش" و "جەژنی ٢٥٠٠ ساڵەی شاهەنشاهی" دەگیرا.

**حەسەن قازی**: باشە ئێوە هەموو وەکوو گرووپێکی سیاسی لەو تەرحە ئاگادار بوون یان ئەوە چۆناوچۆن بوو؟

**تەیفوور بەتحایی**: نا، تەبیعەتەن شێوەی ڕێکخراوەیی وا بوو کە هەموویان ئاگادار نەبن. بەڵام ئەوانەی کە هێنایانە دادگا جگە لە دوو نەفەریان هەموو ئاگادار بوون. جگە لە دوو کەس.

**حەسەن قازی**: دیارە ئێوە کە بەیەکەوە دادگایی کران دوو گرووپی جیاواز بوون.

**تەیفوور بەتحایی**: وایە، لە واقعدا ئەو گرووپەی کە دوانیان هاتنە ناو ئەو پەروەندەیە یەکێکیان خوسرەو گولیسورخی

بوو، یەکێکیشیان مەنووچێهر موقەدەم سەلیمی ئەوانە شەش مانگ پێشتر گیرابوون ئەسڵەن ئاگایان لەو مەسەلەیە نەبوو. ئەمن بۆخۆم خوسرەوم قەت نەدیبوو، لە مەحکەمە ئەو دوو کەسەم دیت. ئەوانیش قسەیەکی ئاوایان لە مەحفەلی خۆیاندا کردبوو، ساواک هات ئەو دوانەی کردە یەک پەروەندە، لە بەر ئەوەی یەکێک لەو مەحفەلە هاتبووە ناو ئەو گرووپە.

**حەسەن قازی:** یانی لەگەڵ هەردووکان پێوەندی هەبوو؟

**تەیفوور بەتحایی:** ئاوەتا!

**حەسەن قازی:** ئەو خانمی میزادەگی




**تەیفوور بەتحایی:** بەڵێ، شکووهی میرزادەگی. جا ساواک ئەو دوانەی کردە پەروەندەیەک لە واقعدا، بە قەولی کەرامەتی دانیشیان کردیە شانۆگەرییەک کە بتوانن تەبلیغاتی خۆیانی پێوە بکەن.

**حەسەن قازی:** باشە هۆی چ بوو کە مەحکەمەکە عەلەنی بوو و لە ڕادیۆ و تێلێڤیزیۆنەوە بڵاو دەکراوە؟

**تەیفوور بەتحایی:** وەک گوتم، دەیانەویست پڕۆپاگاندای خۆیان بکەن کە ئەوە لە وڵاتی ئێمە دا هەن کەسانێک کە دژن و ئێمە بە شێوەی دێمۆکڕاتیک محاکەمەیان دەکەین و ئەو جۆرە شتانە. ئەوە بەشێکی بوو، بەشێکیشی ئەوە بوو کە ساواک؛ یانی ئێستاش دەرکەوتووە بە پێی ئەو شتانەی، بیرەوەرییەکانی کە ژەنەڕاڵەکان دەینووسن و نازانم کاربەدەستانی ئەو دەمی دەینووسن، ساواک دەیەویست یەکجاری دیکەش بە شا بڵێ ئەوە ئێمە گیانی تۆمان نەجات دا. وەئیلا مەسەلەی تێرۆر

ئەسڵەن لە تەرحی ئێمە دا نەبوو، بەڵام ئەوان دەیانەویست ئەو مەسەلەی "تێرۆریزم" ە گەورە کەنەوە.

**حەسەن قازی**: ئێوە دەتانەویست بارمتە بگرن و بۆ ئازاد کردنی داوا بکەن زیندانی ئازاد بکرێ.

**تەیفوور بەتحایی**: بەڵێ داوا بکەین زیندانی ئازاد بکرێن

**حەسەن قازی**: باشە دادگای ئەوەڵ حوکمی ئێعدامی چەند کەسی دەر کرد؟

**تەیفوور بەتحایی**: دادگای ئەوەل ٨ کەس حوکمی ئێعدامی وەرگرت.

**حەسەن قازی**: ئەوە لە ئاخرو ئۆخری ساڵی ١٩٧٢ بوو وا نییە؟

**تەیفوور بەتحایی**: ئەوە ئەوایلی ١٩٧٣ی میلادی بوو.

**حەسەن قازی**: چەندی پێ چوو هەتا دادگای تەجدیدی نەزەر، پێداهانەوە پێک بێ؟

**تەیفوور بەتحایی**: مانگ و نیوێک، دوومانگ

**حەسەن قازی**: دادگای دووەم ئەو حوکمانەی هێندێکیانی شکاند و هێندێکیانی تەئیید کرد.

**تەیفوور بەتحایی**: بەڵێ. حوکمی ٣ کەسی شکاند و پەنج نەفەری تەئیید کردەوە کە ئەو پەنج نەفەرە؛ ئەو دەم وابوو حوکمی ئێعدامی سیاسی و غەیرە سیاسی دەبوو شا ئیمزای کا. لەوێدا بە سێ دەلیل، دەتوانین کۆی بکەینەوە بڵێین بەو سێ دەلیلە ئەو جیاوازییەیان دانا کە دوو نەفەر ئێعدام بکەن و سێ نەفەر نەکەن. یەکێک ئەوەی کە ئەو سێ کەسەی کە ئێعدام نەکران ئێمە هەر سێکمان کارمەندی تێلێڤیزیۆن بووین.

**حەسەن قازی**: تێلێڤیزیۆنی میللی ئێران

**تەیفوور بەتحایی**: بەڵێ، تێلێڤیزیۆنی میللی ئێران و ئەو دەم ڕەئیسی تێلێڤیزۆن خزمی شاژن بوو، ئاغای ڕەزای قوتبی،

ئەو دەم ئەو شتە هەبوو کە دەیانگوت لە دەربار دا دوو دەستەگیییەک هەیە، بە ئیستیلاحی کلاسیک کۆترەکان و بازەکان، جا ئەو تەرحە تەرحی بازەکان بوو بە دژی کۆترەکان. کۆترەکان بردیانەوە لەوەیدا، چون ئەگەر ئێمە ئێعدام کرابایین ئەوە یانی شتەکە سابت ببوو و بە زەرەری ئەوان تەواو دەبوو. ئەوان فشاری خۆیان هێنا بوو وا دیارە. ئێستا کە ئینسان بیرەوەرییەکانی ئەو زەمانی ئەوان دەخوێنێتەوە دەبینێ بەڵێ وا بووە شتەکە.

**حەسەن قازی**: باشە کاک تەیفوور ئەو دوو مانگەی کە لە حاڵەتێکی نادڵنیایی دا کە چ دەبێ و دەتزانی کە لە ژێر حوکمی ئێعدام دای هەستت چۆن بوو، چۆنت فکر دەکردەوە، ئەوە چ تەئسیرێکی لە سەر دانابووی؟

**تەیفوور بەتحایی**: ڕاستە، گوتنی ئەوە ڕۆمانێکی دەوێ یانی ئەگەر ئینسان هەستەکانی بڵێ. لە لایەک ئەتۆ ژیان بە جێ دێڵی لە لایەکی دیکەشەوە ئەتۆ ئەو ئامادەگییەت هەبووە لە پێشدا. فەرقی ئەوەی کە دەست دەدا بە خەباتی چەکداری لەگەڵ ئەوەیکە کاری سیاسی دەکا و دەگرێ و دەکەوێتە قۆناخێکی ئاوا فەرقەکەی ئەوەیە، ئەوەیکە خۆی بۆ خەباتی چەکداری ئامادە کردووە دەزانێ کوشتنی تێدایە، مەرگی تێدایە بەڵام ئەوەی کە تۆ دابنیشی و ماتڵ بی هەتا کاتێک مەرگ بگا ئاسان نییە.

**حەسەن قازی**: ئەتۆ ئەو دەمی لاوێکی بیست و چەند ساڵە بووی

**تەیفوور بەتحایی**: عومرم بیست و پەنج ساڵ بوو.

**حەسەن قازی**: دوایە حوکمی سێتان شکا، کەهەرسێکیشتان ئێستا بە خۆشییەوە زیندوون، بەڵام دوو لە هاوپەروەندەییەکانتان گولیسورخی و دانیشیان ئێعدام کران و بە تایبەتی کەرامەتی دانیشیان کە تۆ لە کتێبەکەت دا زۆر چاکت ناساندووە وەکوو ڕەفیقێکی خۆت. دەکرێ هێندێک باسی کەرامەتی دانیشیان بکەی.

**تەیفوور بەتحایی**: کەرامەتی دانیشیان ئینسانێکی بە تەجروبە بوو با بڵێین لە کاری سیاسیدا. بە تەجروبەتر لە ئێمە بوو، لە بەر ئەوەی پێشتر چووبووە زیندان، ساڵێک زیندانی کێشا بوو و ئەو زیندانە خۆی تەجروبەیەک دەدا هەم لە باری موقاوەمەت کردنەوە هەم لە باری تەشخیسی ڕەئی و بۆچوونەوە. بۆ خۆشی شەخسەن ئینسانێکی زۆر شوجاع و زۆر بەهەست بوو. دەکرێ بڵێی هەستەکەی هەستێکی هونەرمەندانە بوو، نە وەک سەربازێک. ئاخر زۆر جار کە باسی چریک و ئەوانە دەکەن خەڵک وا دەزانێ ئەوانە وەک میخ داکوتراون، سەربازن و میلیتەرن بە مەعنایەک. نا، واش نییە زۆر لەوانەی کە

ئیعدام کراون، شەهید کراون یان لە دەرگیری دا کووژراون دەبینین شێعریان گوتووە دەبینین زۆر هەستێکی ناسکیشیان هەبووە، ئەگەر ئەو هەستەیان نەبوایە بەرەو ئەو ڕێگایە نەدەچوون، خۆشەویستی خەڵکە دەیانبا بەرەو ئەوەیکە لە گیانی خۆشیان بوگزەرێن. کەرامەت لەوە دا نموونە بوو ئەلحەق. یانی ئەمن دەتوانم بڵێم کەرامەت لە دادگاکەیدا کە دادگاکەی دە دیت، خوب ئێمە بێ تەجروبەتر بووین لەو؛ دەیگوت ئەگەر ئەودادگایە خوێن نەدا دەبێتە سیرک. هەموو وا دەزانن ئێمە ساواک هەمووانی هێناوە لێرەمانی داناوە، جگە لەوەی کە دەبێ موقاوەمە بکەین و قسەی خۆمان بکەین لە دادگا دەبێ کارێک بکەین ئەوانە نەتوانن نەمان کوژن.

**حەسەن قازی**: باشە جەنابت لە هەر دوو دادگاکان دا وەک دەڵێن تاوانبارکراوی دەرەجە یەک بووی. یەکێک لە هاوڕێکانت کاک عەباسی سەماکار لە کتێبەکەیدا کە بە ناوی "من یک شورشی هستم"، ئەمن سەرهەڵداوێکم باسی کردووە و ئەتۆش ئەوە لێرە باس دەکەی و لە کتێبەکەیدا باسی دروستی بەشێک لە دیفاعیاتی تۆی کردووە و تۆ خەڵک موراجەعە دەدەی بە کتێبەکەی وی، وام لە بیرە، دەکرێ بە کورتی بڵێی کە فەرقی دیفاعی تۆ لەگەڵ دانشیان کردی یان گوڵیسورخی کردی دە چی دابوو؟

**تەیفوور بەتحایی**: دەزانی ئێمە هەر وا کە نووسیومە من و کەرامەت و خوسرەو دیفاعییەکەمان لە ساواک نەنوسیبوو ئەوانیدیکە هەموویان نووسیبوویان ساواک کۆنترۆلی هەبوو بە سەر دیفاعییەکەیاندا. ئەوان نەیاندەزانی ئێمە چ دەڵێین لە دادگە. بەس دەیانزانی موقاوەمەت دەکەین لە بەر ئەوەی ئێمە سەڵاحییەتی دادگاکەشمان ڕەد کردەوە گوتمان ئەو دادگایە ساڵح نییە ئێمە موحاکەمە بکا چون ئێمە جورمی سیاسیمان هەیە، ئەوە دادگای نیزامییە. دوایە ئێمەیان یەک سەعات پێش ئەوەی بچینە ئاخر دیفاع دایاننایین لە ژوورێک، هەر سێکمان پێکەوە کە دانیشین دیفاعییەکانی خۆمان بنووسین. ئەمن زیاترچوومە سەر ئەوە کە چ شتهایەک بووەتە هۆی، چ شتهایەکی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی ئەوەی کە مەسەلە وا حاد بێ بۆ جەوانەکان کە دەست بدەنە هەمچین کارگەلێکەوە، بێ ئەوەیکە یەک کەلیمە باسی ئەوەی تێدا بێ نابێ بیکەن، ئیشتیبا دەکەن، یا فڵان دەکەن. تەنانەت ئێمە بە وەکیلەکەشمان گوتبوو هەرچی دەڵێی بیڵێ کەیفی خۆتە بەڵام حەقت نییە بڵێی ئەوانە پەشیمانن. من شتەکەم زیاتر کۆمەڵایەتی بوو، دەستم دانابووە سەر کەم و کەسرییە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو کێشانەی کە لە کۆمەڵەی ئێمە دا هەبوو بە عەقڵی ئەو زەمانەی خۆم، بەڵام کەرامەت و خوسرەو چوونە پای ئەوە کە دیفاع بکەن لە ئیدەئۆلۆژی. کەرامەت بە تایبەتی زۆر بە توندی مەسەلەی مارکسیزمی تەرح کرد، خوسرەویش کە هەموو دیفاعییەکەیان دیتووە، جمهووری ئیسلامیش بڵاوی کردووەتەوە، نەختێک بە لای مەزهەب دا و نەختێک بە لای مارکسیزم دا، ئەویش هەر باسی ڕەد کردنەوەی ئیسلاحاتی ئەرزی ئێران و ئەو جۆرە شتانە باسی ئەوانەی کرد. وە کولەن دەتوانین بڵێین یەکێک تر لەو دەلاییلەی ئەوان کەوتنە بەر ئیعدام ئەو توند بوونەیانە لە دادگا. ئەوەش یەکێک تر لە



سەرچاوە
Serchawe

فاکتۆرەکانە.

**حەسەن قازی**: باشە دوای ئەوە حوکمی جەنابت و سەماکار و عەلامە زادە بوو بە ئەبەد و ئێوە لە زیندانەکانی جۆر بە جۆری تاران دا ڕاگیرابوون.

**تەیفوور بەتحایی**: من لە "قەسر" بووم و لە "ئێوین".

**حەسەن قازی**: ئەوە هەتا ساڵی چەند؟

**تەیفوور بەتحایی**: ساڵی ٧٩ی میلادی دەکا ساڵی ٥٧ بە تەقویمی ئێران.

**حەسەن قازی**: دەکاتە شەش ساڵ. ئیدی پێش ئەوەی کە سەلتەنەتی پەهلەوی بڕووخێ بە بەرەکەتی خەبات و خۆپیشاندانەکانی خەڵک لە شارەکانی جۆر بە جۆر، بە تایبەتی شارە گەورەکان وەکوو تاران و تەورێز، ئێوە پێش ڕووخانی ڕێژیمی شا لە زیندان ئازاد بوون وایە؟

**تەیفوور بەتحایی**: بەڵێ وایە.

**حەسەن قازی**: بەڕێزت یەکسەر چوویەوە سنە؟

**تەیفوور بەتحایی**: بەڵێ.

**حەسەن قازی**: لە کتێبەکە دا دەڵێی لە سنە خەڵک دەیانەویست بە گەرمی پێشوازیت لێ بکەن بەڵام لە هەمان کاتدا لە بەر ئەوەی ڕێژیم زۆر هار ببوو لەوانە بوو پێشی خەڵک بگرێ کە بێنە پێشوازیت.

**تەیفوور بەتحایی**: مومکین نەبوو، تەهدیدەکەیان کرد بوو. هەڕەشەیان کرد بوو.

**حەسەن قازی**: لە بەر ئەوە ئێوە بە ڕێگەیەکی دیکە دا چوونە ناو شار.

**تەیفوور بەتحایی**: بەڵێ. ئەمن ئێستاش کە خۆم بیری ئەو ڕۆژانە دەکەمەوە دەڵێم من وەک کەسێک کە شەش ساڵ لە زیندان بووم بە تایبەتی لەو ئاخرانەوە، من یەکساڵ تەواو لە ژوری تاکە کەسی بووم، ئەتۆ نازانی چ خەبەرە، دەبێ کەسێک بێ ڕێنوێنیت بکا چ بکەی چ نەکەی و فلان و ئەوانە. فەقەت هاتن بە منیان گوت، چون حکوومەت نیزامی بوو، دەورەی سەرۆکوەزیریی ئەزهاری بوو لە هەموو ئێران حکوومەت نیزامییان ئیعلام کرد بوو. حکوومەت نیزامی لە سەعاتی شەشی ئێوارەوە دەستی پێ دەکرد، کە من گەیشتمەوە سنە تەقریبەن سەعات شەش بوو. ئەو دەم ڕەئیسی پادگانی سنە خەبەری دا بوو بە ماڵی ئێمە کە ئێمە ئەو شتە تەحەمول ناکەین ئێوە مەبنە هۆی ئەوە کەسێک بکووژرێ کە لەو دوا ئێوە تاوانبار دەبن. ئەوانیش کوڕیان تازە لە زیندان هاتووەتە دەرێ نایانەوێ بکەونە گێچەڵ و زیمنەن هیچکەسیش نەیدەزانی سەرنیویشتی ئەو حکوومەتە چی لێ دێ. یانی سوار دەبێ بە سەر جەوەکە دا یا دەڕووخێ؟ ئایا دوای ڕووخان بوو تازە مەردم بیریان کردەوە خۆزگە وامان کرد با، یەکێکیان خۆم، خۆزگە گوێم نەدابا بەو هەڕەشەیە، بەڵام کەس نەبوو بێ بڵێ وا نەکەین وا بکەین چ بکەین. خەڵکیش حەقی خۆیان بوو، خەڵکیش دەیانەویست ئەوە بکەنە بەهانە بۆ نیشاندانی دژایەتی لە گەڵ حکوومەتەکە، حەقی خۆیان بوو ئەوە بکەن. تەنانەت دەستەیەک هاتنە بەر ماڵی ئێمە، ئەڵبەتە زۆر کەس هاتنە ماڵێ، چاومان بە یەک کەوت و ئەمن چوومە سەربان قسەم کرد و ئەو شتانە بەڵام ئیدی دەستەیەک هاتن سروودی "ئەی ڕەقیب" یان خوێند، یانی خەڵک ئیشی خۆی کرد، ئەو شتەی کە دەیەویست نیشانی بدا بە حکوومەت کە ئێمە لایەنگری دژەکانی تۆین ئەوەیان گەیاند.

**حەسەن قازی**: باشە دوای ئەوەی کە تۆ گەیشتییەوە سنە لە ئابانی ١٣٥٧ بە تەقویمی ئێران چەندی پێ چوو کە بەشێوەیەکی ئەکتیڤ و چالاکانە شان وەبەر کاری سیاسی بدەی یانی پێش ئەوەیکە موقاوەمەتی چەکدارانە لە کوردستان دەست پێ بکا؟

**تەیفوور بەتحایی**: سێ ڕۆژ دواتر ئەمن لە سنەوە هەستام چوومە تاران کە لەوێ بگەڕێین سازمانی سیاسی ببینینەوە، بتوانین لە چوارچێوەی سازمانە سیاسییەکاندا کار بکەین یان بزانین ئەوان چ دەکەن. چون ئێمە لە زیندان خەبەرمان نەبوو لە دەرێ ئەو سازمانانە لەچ وەزعێک دان. ئەمن بەش بە حاڵی خۆم  زۆر بیرم لەوە دەکردەوە کە "سازمانی فەدایی" دەبێ جێگایەک بێ ئەمن بتوانم کاری تێدا بکەم.

**حەسەن قازی**: لە بەر چی، لە بەر ئەو پێوەندییانەی کە لە زیندان دا هەت بوو؟

**تەیفوور بەتحایی**: هەم پێوەندییەکان، هەم ئەو تەفەکورەی کە پێشتر هەمان بوو و ئێمە لایەنگری خەباتی چەکداری

بووین، بەڵام ئیدی خەباتی چەکداری خۆشمان دەمانزانی ئەو تاو تووندەی نەما بوو، خەڵک هاتبووە دەرێ ئیدی، ئێستا ئیدی خەڵک بوو بڕیاری دەدا، ئیدی لازم نەبوو ئەتۆ بچی بانگێک ببڕی یان نازانم سەرلەشکرێک بکووژی بۆ ئەوەی بە




خەڵک بڵێی بابە ئەوانە دیکتاتۆرن. ئیدی خەڵک حاڵی بووە هاتوونە دەرێ و "مەرگ بەر شا" یان دەگوت. بەس دوو شت هەبوو یەک ئەوەی خەڵکەکە ڕێکخراوێک کە بتوانێ بیانبا بە جێگایەکیان بگەیێنێ، دروست و حیسابی نەیان بوو، دوەم ئەوەیکە هەر لە زیندانەوە ئێمە دەمانزانی  خەتەری سوار بوونی ڕێکخراوە ئایینییەکان بە سەر جەوەکە دا زۆر زۆرە. کە لەودوا دیتمان بە هاتنەوەی خومەینی تەواو کەوتە دەست ئەوان تەنانەت لە سنەش  ئەو دەم تەنیا کەسێک کە جەمعییەتی کۆ دەکردەوە، دەیبردە مزگەوتەکان و قسەی بۆیان دەکرد جەنابی موفتی زادە بوو کە ئەویش ئینسانێکی مەزهەبی بوو یانی سنەش بە دەست مەزهەبییەکانەوە بوو هەتا یەواش یەواش ئیدی سازمانەکانی دیکە هاتن و سنە بوو بە جێگایەک کە دەکرا بڵێی زیاتر تاندانسی چەپی هەبوو هەتا مەزهەبی.

**حەسەن قازی**: ئەتۆ لە کتێبەکەتدا ئاماژەیەکی زۆر چاوڕاکێشت هەیە  باسکردنی لایەنی سیاسی مەسەلەی کورد و هەڵکەوتی کوردەکان لە چوارچێوەی ئێراندا کە زۆر جار چاوی لێ هەڵدەبوێردرێ، ئەویش ئەوەیە کە کە گۆیا کوردەکان لە سیستمی شا دا هیچ بەشدارییان نەبووە بەڵام ئەتۆ بە تایبەتی لە ناو ئەفسەرانی ئەرتەشی ئێراندا ئیشارە بە چەند کەسێک دەکەی کە هاوشاری خۆت بوون. وەکوو کورد باسیان ناکەی دەڵێی "سەننەدەجی" جا نازانم ئەو ووشەیەت بە تایبەتی هەڵبژاردووە یان چۆن. بۆ وێنە یەک لەوانە ژەنەڕاڵ بیگلەری، کەمانگەر، زەمانی، موحەرەری یا سەرلەشکر مەنسوور پوور کە لە کاربەدەستانی ساواک بوو یا عیسا پەژمان. جەنابت ئەوە بە چی دەبەستییەوە. بەوەی دەبەستییەوە کە لە سیستمی دەوڵەت - میللەتدا ئێتنیستی زۆر گرینگ نییە یان چۆن. یانی کابرا شانی وەبەر ئەو ناسێنەیە داوە.

**تەیفوور بەتحایی**: دەزانی مەسەلەی کورد بوون و ئێتنیسیتە و کوردایەتی و ئەوانە، ڕاستەکی بۆیە من مەخسووسەن قامکم



سەرچاوە
Serchawe

لە سەر سنە داناوە چون لەوێ زیاتر من خەڵک دەناسم و یا محەلی ژیانی خۆم بووە چاکتر پێی دەزانم و وەک نموونە گرتوومە. ئەو دەم نەبوو ئەو شتە، تەنانەت بۆ ئێمەش کە سیاسی بووین و ئەوانە، نەبوو، حەرەکەتەکە نەبوو لە ناو کۆمەڵ دا وەکوو مەسەلەی کورد. خوب، بەشێکی ئەوە بوو کە دیکتاتۆرییەکی یەک نەفەرە هەبوو و هەموو خەلکیش لەو بەر بوو. ئێستا دەزانین بە ڕاست بە دروستی ئەو دەم سازمانە سیاسییەکان چاکی بۆ چوو بوون کە دەیانگوت تەزادی ئەسڵی، دووبەرەکی ئەسڵی لە بەینی خەڵک و دیکتاتۆری دایە، لە بەین خەڵک و شا دایە. ئەوانەم کە من دەست نیشان کردووە، نەختێک بچینە ئەولاتریشەوە ئێمە کۆڵێک،هەر لە دەورەی شا دا کەسانێکمان هەبوو پێیان دەگوتن "جەوانمەرد"، کۆڵێک لەو خەڵکی عەشایێر و شتی وایان کرد بووە جەوانمەرد یەکی بڕنەوێکیان دابووە دەستیانەوە مەسەلەن پارێزگاری لە مەرزەکان بکەن. پارێزگارییەکە ئەوە بوو کە یەکێک وەک من کە هەستاین بچین بۆ "پاوە"، بچین پاوە ببینین جەوانمەردەکان ئێمەیان گرت و تەحویلی ساواکیان داین. یانی کاریان ئەوە بوو، ئەوە نەبوو کە پێشی عێراق بگرن یا پێشی چ دەگرن. ئەوە نەبوو، یەک دەست نەبوو کورد، ئەو جووڵانەوە کوردییەی کە دوایە دروست بوو. مەسەلەن ووشەی جاش نەهاتبووە ناو کورد لە بەر ئەو ووشەی پێشمەرگە هێشتا نەهات بوو.

**حەسەن قازی**: بە تایبەتی لەو ناوچانەی کوردستان لە لای ئێوە.




**تەیفوور بەتحایی**: بە تایبەتی لە باشووری کوردستانی ئێران مەبەستمە. کە وا بوو شتکە بۆ من زۆر ئاساییە کە هەر وا کە ئێمە سیاسیمان هەبووە بە دژی ئەو ڕێژیمە ڕاوەستاوە هەر وا خەڵکێکیش هەبوون کە خزمەتیان بە وان دەکرد. ئەو خزمەتەش تا ڕادەیەک نۆرماڵە یانی خەڵک هەر چۆنێک بێ ژیانی دەوێ لە ئیدارە دادەمەزرێ و دەبێ خۆی بەڕێوە بەرێ، وەلێ وەختێک بووی بە سەرلەشکەر، وەختێک بووی بە ئەرتەشبود ئیدی ئەوە لەوێ ئەتۆ خزمەتێکی تایبەتی دەکەی. فەرقەکەی ئەوەیە بۆیە من نموونەی ئەوانم هێناوەتەوە دەنا خۆ زۆری دیکەش هەبوون ساواکی بوون، فلان بون فیسار

بوون، بەڵام ئەوانە لە حەدی ژیانی نۆرماڵی ئەو زەمانە ئاسایی بوو. یەکێک بە منی دەگوت ئەگەر ئەتۆ لەگەڵ شای موخالیف بووی بۆ چوویە تێلێڤیزیۆنەکەی شا؟ بابە ئێمە بۆ نان چووبووین لە بەرا، چووین کار بکەین.

**حەسەن قازی**: باشە، دوای ئەوەی لە زیندان هاتییە دەرێ و ئیدی دەستت کرد بە کاری سیاسی. ئەوە زاندراوە کە بەڕێزت چوویە ناو ڕیزەکانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران کە ئەو دەمی ناوەکە ئاوا بە کار دەهات، ئەوە چۆناوچۆن بوو چونکە وەک زاندراوە لە ناوخۆی شاری سنە ئەو گەنج و وەچەی نوێ زیاتر تەمایولیان هەبووە بە ڕێکخراوەکانی کە لە شانی چەپی حیزبی دێمۆکرات دا هەڵکەوتبوون لەو سەروبەندی دا.

**تەیفوور بەتحایی**: عەرز بێ لە سنە ئەو دەم حیزبی دێمۆکڕات لاواز بوو لە سنە. وەک مەهاباد و سەردەشت و وەک بانە و ئەوانە نەبوو، ئەوان سابیقەیان هەیە. بەڵام ئەو دوو سازمانەکەی دیکەم باش دەناسی وەک "فەدایی" و وەک "کۆمەڵە". مەسەلەن ئەمن هەر لە زیندانەوە دەمزانی کە فەدایی تووشی ئینشیعاب دەبێ، بۆچوونی جۆر بە جۆری تێدایە شتێکی یەکدەست نییە. شایەد خەڵکی دیکە ئەوەیان نەدەزانی بەڵام وەک ئێمە کە لەگەڵ ڕێبەرەکانیان دە زیندان دا بووین یان هاتوچوومان هەبوو دەمانزانی ئەوە جێگایەک نییە ئەتۆ بڵێی دەڕۆم بەردەوام دەبم. لەگەڵ ئەو خەتەش نەبووم کە دەیەویست پشتیوانی خومەینی بکا کە من بە شێنەیی شەرحم داوە لە کتێبەکەدا. لەو لاشەوە "کۆمەڵە" ئەو دەمی لانی کەم زۆر بە توندی مائۆیست بوون، ئەمنیش زۆر سنوورم هەبوو لەگەڵ ئەو تەفەکورە. لە بەر ئەوە بۆ نموونە من بۆ خۆم لە سەر شیرکەتهایی تەعاونی، ئیسلاحات ئەرزی، فڵان و ئەوانە تەحقیقاتم کرد بوو و دەمزانی ئەو بۆچوونەی ئەوان هەیانە وەک نیمە فێئۆداڵ نیمە موستەعمەرە بە تەواوی هەڵەیە کە خۆشیان پێی گەیشتن پاش ساڵێک بەڵام ئیدی ئەو دەم ئەو دوو سازمانە چەپە هەبوون. زۆر کەس دەڵێن بۆ خۆت سازمانێکت دروست نەکرد؟ بۆ خۆم سازمانی چ دروست بکەم، ئەوان کاری خۆیان کردووە، دوایە لە شەڕی سنە دا ئیدی ئەمن نەمدەتوانی دانیشم مەوزع نەگرم. ئەو دەم حیزبی دێمۆکڕات، چوو بووم هاتوچوویانم کرد بوو دەمزانی ئەوانە زیاتر خەڵکین ڕاستەکەت دەوێ. مەسەلەن لە سنە ئەتۆ دەچووی لە خەڵکی ئاساییت دەپرسی، لە ناو بازار ئەملاوئەولا، من ئیرتیباتی نێو خەڵکیم زۆر بوو، بە تایبەت هەر وا کە لە کتێبەکەدا ئیشارەم پێ کردووە مەسەلەن لە سەندیکای کرێکارانی سەد دا کارم دەکرد کە دووسەد سێسەد کرێکاری تێدا بوو، ئێمە و پەنج شەشێکی دیکە ئەو سەندیکایەمان بە دەستەوە بوو و من بۆ خۆم لەوێ ئیشم دەکرد، کاری ئارماتۆربەندیم دەکرد. خەڵکەکە زیاتر بەرەو حیزبی دێمۆکڕات بوون. ئەڵبەتە ئەو خەڵکەی کە تەمەنیان لە سەرەوە بوو یانی جەوانەکان نا، جەوانەکان زۆر بە گوڕ بوون. وەلێ جەوانەکە نەبوو ڕەئی دەهێناوە جا لە بەر ئەوە من دیتم ئەوێ زیاتر بە ئیدەکانی منەوە نزیکە کە کار لە ناو خەڵک دا بکەی.

**حەسەن قازی**: باشە ئەتۆ لە "سەفەری خەیاڵ" دا ئیدی دوای ئەوە باسی شەڕی ناوخۆ دەکەی کە بە تایبەتی بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە بەینی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ڕوویدا کە ئەو دەمی هیچیان لەت نەببوون بەو شێوەیەی ئێستا. لە نێو ئەوانە دا شەڕێکی ناوخۆیی دەستی پێ کرد و زۆر ناوچەی کوردستانی تەنییەوە، یانی لە عەینی حاڵدا کە لە شەڕ دابوون لەگەڵ حکوومەتی مەرکەزی، لە نێو خۆشدا ئەو مەسەلەیە، ئەتۆ ئامارت وەرگرتووە لە سەرچاوەکانی هەر دووک لا، وا دیارە لە کتێبەکەتدا موخالیفی ئەو شەڕانەی. پرسیاری من ئەوەیە لەو سەروبەندی دا کە ئەو شەڕە دەستی پێ کرد گەلۆ ئەتۆ لە نێوخۆی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراندا کە ئیمکاناتی دەست ڕاگەیشتنیشت هەبوو بە دەسەڵاتدارانی سەرەکی لەو حیزبە دا قەت بە ئاشکرا و بەشێوەیەکی حەدی باسی ئەوەت کرد کە ئەو شەڕە شەڕی براکوژی و لە ڕاستیدا شەڕی خۆ کوژییە یان نا؟

**تەیفوور بەتحایی**: با، بەڵام کەس گوێی نەدەدایەی. ئەو دەم کە زۆر بە شێنەیی لە کتێبەکەدا باسم کردووە هەر دووک لا، هەم کۆمەڵە، هەم دێمۆکرات ببوون بە ئەرتەش، سیستمێکی تەواو نیزامی لە سەرەوە دەستوور دەهات لە خوارەوە دەبوا ئیجرا بکرێ. تەنانەت کۆمیتە مەرکەزییەکان دەسەڵاتیان بەدەستەوە نەبوو. قسەشت دەکرد، کار گەیشتە ئەو جێگا هەر کەس بڵێ ئەوە شەڕی براکوژییە جێگای لەو حیزبە دا نییە. یا مەسەلەن ئەولا دەیگوت ئەوەی پێی وا حیزبی دێمۆکرات شتە خزمەت بە بورژوازی دەکا. ئەوە نییە تەوجیهی تیئۆریک و یا نازانم چی و ئەوانە. کەس نەیدەبیست، دەت گوت بەڵام نەدەبیسترا. ڕاستە مومکینە ئەو دەم، ئەڵبەتە پرێنسیپی حیزبی ئیجازەی نەدەدا ئەمن دابنیشم مەقالەیەک بنووسم خۆم بڵاوی کەمەوە، وە نییە، مرۆڤ ئەوەڵ دەبێ بێتە دەرەوە ببێتە موسەقیل لەودوا بتوانێ مەوزعێکی ئاشکرای دژی حیزبێک بگرێ.

**حەسەن قازی**: یانی دەو وەختە دا کە ئەو شتە دەقەوما، دەو سەروبەندی دا هیچ گراییشێک لە هیچ لایەنێک ڕا نەبوو کە زۆر بە توندی لە بەرانبەر ئەوە دا ڕاوەستێ و بڵێ نایکەم وڕێبازێکی سێهەم نیشان دا؟

**تەیفوور بەتحایی**: نەمدیت ئەمن.

**حەسەن قازی**: نە لە دێمۆکڕات دا و نە لە کۆمەڵە دا.

**تەیفوور بەتحایی**: نەمدیت، نەمدیت. یانی حیزبی دێمۆکرات کە من بە تایبەت زیاتر ئیتیلاعم لێی هەیە لە ژێر تەوژمی دوو سێ شت دابوو، یەکێک مەسەلەی "کورتە باس بوو" کە هەر وا کە خۆت لە جەرەیان دا بووی و دەیزانی و منیش باسم

کردووە، یەکێک هاتنە دەرەوە، چوونە ئەو دیوی سنوورەکانی ئێران، بارێکی زۆری بە کۆڵەوە بوو، یەکێکیش مەسەلەی شەڕەکە. جا لە شەرایتی وا دا کە گوتم ببوو بە ئەرتەش، سیستمەکە تەواو ببووە نیزامی شایەد کەس نەیدەوێرا یا فکریان دەکردەوە ئەگەر شتێکی وا هەبێ زۆر بە توندی بەرخوردیان لەگەڵ دەکرد.

**حەسەن قازی**: ئێستا وەک دەزانین دوو لایەنی ئەو شەڕە لە یەک نزیک بوونەوە، بەیەکەوە بەیانیان داوە تەنانەت لە سەر مەسەلەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار لە ئێران. پێت وا هەیە بۆ ئەوەی ڕووداوی ئاوا دووپاتە نەبێتەوە، و دیارە تا ئەو جێگایەی کە لایەنەکان موسەلەح بن ئەو ئیمکانە هەر هەیە، بەڵام بۆ ئەوەی ئەوە نەبێ لە کتێبەکەت دا چ پێشنیار دەکەی؟ لەوێدا وەبیرم نایە شتێکت گوتبێ.

**تەیفوور بەتحایی**: با، لە بەشی دواییدا ئەوەشم باس کردووە بۆ ئەوەی ئەوە تیکرار نەبێتەوە با لە ئێستاوە ئەگەر ئێمە ئیتیحاد دەکەین پێکەوە، ئەگەر یەکێتییەک دروست دەکەین پێکەوە یەکێتییەکە دەبێ بنەماکانی قایم بێ. و لەو دوا ئۆرگانیزاسیۆنێک بۆ بەڕێوەبردنی وڵات هەر لە ئێستاوە پێک بێنین کە سەر بە هیچمان نەبێ بەتەواوی، کە گوتوومە ئەو کارە پێشتریش دەمانتوانی بیکەین. ئێمە دەوڵەتێک دابنێین، دەوڵەتی چووزانم دەوڵەتی لە تەبعید، دەوڵەتی پێشوەخت، چ نێوی دەنێن موهیم نییە. بەڵام کەسانێک بن، کادری هەیە ئەو میللەتە، ئەو میللەتە پڕە لە کادری لێهاتوو. ئەو کادرانە دابنێین شتەکان بۆ داهاتوو بدەینە دەست ئەوانەوە. ئەوان با بەڕێوەی بەرن ئێمە وەک حیزب پشتیوانییان بکەین، ئێمە وەک حیزب تەئمینیان بکەین. ئەوە ڕێگاکەیەتی بە نەزەر من. ڕەنگە موشکڵ بێ بەڵام خەبات هیچوەخت هاسان نەبووە.

**حەسەن قازی**: زۆرباشە، ئێستا ئێمە هێندێک بێینە سەر کارەکانی دیکەتان، بە تایبەتی لە بواری سینەما دا. وا بزانم ئێوە وەکوو سینەماکارێکی پێشمەرگە دەستتان کرد بە سازکردنی هێندێک فیلمی بەڵگەیی لە دەرەوەی شاران دەکرێ هێندێک لەوانە بناسێنێ جا دوایەش، باسی شتی دیکەش بکەین.

**تەیفوور بەتحایی**: دیارە پێشتریش کارم کردووە، بەڵام ئەو دەم کە لە شاخەکان بووین چوار فیلمم دروست کردە. یەکێکی درێژ بوو ناوی "نان و ئازادی" بوو، یەکێکیان "هەوار" ە کە بەس چوونە هەواری کۆچبەرانە کە چۆن دەچنە هەوار و لەوێ ژیانیان چۆنە زۆر کورتە. یەکێکی دیکەش بە ناوی "شاخە سەربەرزەکانی کوردستان" باسی ژیانی پێشمەرگەیە و یەکێکیش بە ناوی "ڕووناکایی شەمەکان" باسی ژیانی خەڵکە لە ژێر تەوژمی ئەو گەمارۆی ئابووری کە لە زمانی شەڕەکە دا هەبوو. ئەو چوار فیلمەم لەوێ ساز کردووە.

**حەسـەن قـازی**: دوای ئەوانەش فیلمێکی درێژتـرت لە ئوڕووپـا سـاز کـرد، لە سـوێد کە نیشـتەجێی سـوێد بـووی و چـوون لە وولاتێکی دوور فیمەکەتان هەڵگرت.

**تەیفوور بەتحایی**: بەڵێ چووین لە قەزاقستان فیلمێکمان دروست کرد کە من دەرهێنەری بووم بە ناو "گەلە گورگ" ئایدیاکە و نـاوەکەی لە ڕۆمـانی گەلەگـورگ ی  حوسێن عـارف وەرگێـراوە بەڵام زۆر دەسـتکاری کـرا، تەبیعیشـە، هەر ڕۆمانێـک کە تـۆ دەیکەی بە فیلم دەبێ دەستکاری بکەی بیکەی بە سینەمایی نووسەر وەک چیرۆک نووسیویە. ئەوە دەکرێ بڵێین یەکەم  فیلمی درامایی کوردی یە لە ساڵی ١٩٩٠ دا تەواو بووە، یانی فیلمەکە دەر هاتووە، پێش ئەوە ئێمە فیلمی دڕامایی‌یمـان نییە کە بە کوردی قسان بکا. با وا بڵێم چون فیلمی کوردی لەگەڵ سینەمای کوردی دوو شتی جیـاوازن. ئەوە یەکەم فیلمی کـوردی یە کە بە کوردی قسان دەکا هەر وەک "نان و ئازادی" بۆ خۆی یەکەم دۆکومێنتی کوردی یە، یـانی ووتـارەکەی کـوردی یە، شتەکانی بە کوردی یە.

**حەسەن قازی**: دوای ئەوە ئیدی بەردەوام نەبووی لە دروست کردنی فیلم وەختێک کە لە سوێد بووی؟

**تەیفوور بەتحایی**: نـا ئیـدی، بـووم بە مامۆستا و وەختێـک دەبـی بە مامۆسـتا حەز دەکەی خوێنـدکارەکانت ئیش بکەن وەک دەڵێی خۆت کردووتە ئەو هەستە پەیدا دەکەی.

**حەسەن قازی**: حەولێکیشتان دا بۆ دروستکردنی کۆمەلەی سینەماکارانی کورد.

**تەیفوور بەتحایی**: هەر ئەوە بوو ئەو فیلمەی گەلەگورگ یش هەر لە چوارچێـوەی ئەو کـۆمەڵەی سینەماکارانە دا کـرا، بەڵام سینەماکار ئەوەنـدە نەبـوون کە بتـوانن درێـژە بە کـۆمەڵەکە بـدەن. زیـاتر هونەرمەنـدی جـۆر بە جـۆری دیکە بـوون تەنیـا سینەماکاریان دەکرێ بڵێین من بووم و یەک دوویەکی خوێندکار کە لە سوێد سینەمایان دەخوێند. نـا ئیـدی نەکرا بەردەوام بـین. دەزانـی سینەما پـارەی دەوێ، ئـێ پـارەش دەبـێ لە جێگـایەک پەیـدا بـکەی. هێشـتاش ئـێمە، هێشـتاش ئـێمە ئەوە ٢٠١٣  بە داخەوە کـۆمەڵەی کـورد نەگەیشـتووەتە ئەو جێگـاییەی کە سـەرمایەداری ئـێمە بێـت سـەرمایە لە سـەر فیلم دابنـێ. چـون سـەرمایەدار سـەرمایە لە سـەر شـتێک دادەنـێ کە دوایە پـارەکەی بگەڕێـتەوە، هـیچ ئیتمینانێـک نیـیە کە پـارەکە دەگەڕێتەوە. جا لە بەر ئەوە داینانێن. ئەو فیلمانەش کە لە کوردستان، ئێستا لە کوردستانی باشوور دروست دەکرێ هەموو بوودجەی دەوڵەتی لە پشتە جا لەبەر ئەوە ئێمە لێرە نەمانتوانی ئیدی بوودجەیەک پەیدا بکەین کە درێژەی پێ بدەین.

**حەسەن قازی**: دەزانین  دوای ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە باشووری کوردستان بوو ئێوە بۆ چەندین ساڵ چوونە باشووری کوردستان

**تەیفوور بەتحایی**: لە ٢٠٠٦وە ڕۆیشتم هەتا ٢٠١٢ تەقریبەن.

**حەسەن قازی**: لەوێ ئەو ماوەی ٦ ساڵە چت دەکرد؟

**تەیفوور بەتحایی**: لەوێ مەدرەسەیەکمان پێک هێنا بە ناو "ناوەندی ڕاهێنانی کادری ڕاگەیاندن" کە ئەو کەسانەی لەوێ لە تێلێڤیزیۆنەکان کاریان دەکرد پێش هەموو شتێک بێنە ئەوێ بە شێوەیەک نەختێک عیلمیتر و ئاکادێمیتر ئەو ئیشەیان فێر بن، کە لەوێ ئەمن بەرپرسی ئەو مەدرەسەیە بووم و زیاتریش خۆم لەوێ کارم لەگەڵ دەکردن بەڵام مامۆستای دیکەش هەبوون دەهاتن لە باری زمان، زمانی کوردی دا، لە باری مەسەلەی ڕاگەیاندن، ڕۆژنامە ئەو شتانە دەرسیان دادەدا.

**حەسەن قازی**: یانی لەو ماوەیە دا کاری فێرکاریت هەبووە لە بواری هەم تێکنیک و هەم دەرهێنان.

**تەیفوور بەتحایی**: هەم تێکنیک و هەم دەرهێنان.

**حەسەن قازی**: ئێستا ئێمە چونکە وەختمان کەم ماوە بینەرانیشمان بە ڕێگای لاپەڕەکەمان لە فەیس بووک دا چەند پرسیارێکیان ناردووە دیارە تا ئەو جێگای ماوەی بەرنامە ئیزن دەدا دەکرێ وولام بدەیەوە. یەکەم پرسیار ئەوەیە:

هەتا چەند ساڵی تر لەبەینی ٢٠١٥ تا ٢٠٢٠ نزیکەی ٥٠ میلیارد دەستگای ڤیدیۆ لە دنیا دا دەتوانن پێوەندی چێ کەن. بەشی زۆری ترافیک دەبێتە ڤیدیۆ کانسامپشن، یانی بەکار هێنانی ڤیدیۆ و کوردیش بەشێک دەبێ لەو ٥٠ میلیاردە. بەرنامەی سینەماکارانی کورد بۆ کەلک وەرگرتن لەو ئیمکاناتە چییە؟ ئایا ئەساسەن سینەماکارانی کورد ئەو پێشبینییەی کە کراوە وەکوو ئیمکانێک دەبینن یان نا؟

ئەوە پرسیارێکە با پرسیارەکان هەموویان بەیەکەوە باس بکەم لەبەر کات.

پرسیارێک کە بینەرێکمان بە فارسی نووسیویەتی دەڵێ: بە فارسی نووسین بۆ من هاسانترە هیوادارم ئەوە کێشەیەک نەبێ بۆ ئێوە. بەر لە هەموو شتێک سپاستان دەکەم کە ئەو کتێبەتان نووسیوە، سەفەری خەیاڵ. نرخی کتێبەکەی ئێوە لەوە دایە کە ئێوە بێ ئەوەی لایەنگری لە گرووپێک یان کەسێک یان پارتییەک بکەن ڕووداوەکانتان باس کردووە و لێکدانەوەی شەخسی خۆتان لە سەر ڕووداوەکان هێناوەتە گۆڕێ کە دیارە ئەمن لەگەڵ هێندێک لە لێکدانەوەکانی ئێوە هەر لە جێدا موافیق نیم، بەڵام بێ شک کتێبەکەی ئێوە دەبێتە هۆی ئەوە کەسانێکی کە دەیخوێننەوە بە ڕوانگەیەکی کراوەتر لە شتەکان



سەرچاوە Serchawe

بروانن و کردەوەیان بەشێوەیەکی دیکە بێ. ئەمن دەمەویست بپرسم کە ڕەد فێعلی، عەکسولعەمەلی پارتییەکان و گرووپە سیاسییەکان، بە تایبەتی پارتییە سیاسییە کوردەکان سەبارەت بەو کتێبە چ بووە؟ لە وولاتانی دێموکراتیک کەسانێک کە بیروباوەڕی جیاوازیان هەیە بە باوەشی ئاواڵەوە وەردەگیرێن چونکە ئەوان دەبنە هۆی ئەوە کە ئینسانەکان جارێکی دیکە بگەڕێنەوە سەر بیروباوەڕەکانی خۆیان و لە سەر ڕا بیر بکەنەوە و بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی ئەو کەسانەی کە لەو ساڵانە دا مەجبوور بوون بێنە تەبعید لە وولاتانی دێمۆکراتیک ژیاون گەلۆ ئێوە پێشوەچوونێکی ئەوتۆ لە ناو سیاسییە ئێرانییەکان و بەتایبەتی پارتییە کوردییەکان لە پێوەندی لەگەڵ ڕەد فێعل بەرانبەر بە کتێبەکەتان دەبینن یان نا؟ و ئەگەر ئێوە دووبارە بژینەوە و ئەوەی ئێستا دەیزانن زانیباتان چ کارێکی جیاوازتان لەوەی ئێستا دەکرد؟ لەگەڵ ئارەزووی سەرکەوتن.

بینەرێکی دیکەش سەبارەت بە مەحکەمەکە پرسیاری کردووە گوتوویەتی کە شایعەیەکی ئاوا هەیە کە بەڕێز بەتحایی لە مەحکەمەی نیزامی داوای لێبوردنی کردووە بۆیە ئەو حوکمە شکاوە.

دیارە ئەو تەوزیحەش دەبێ بدرێ کەسێک هەبووە بە ناوی مەسعوود بەتحایی کە لە زیندان هاوکاری ڕێژیمی شای دەکرد کە هیچ جۆرە پێوەندییەکی بە تۆوە نییە، کەسێک بووە سەر بە گرووپی شوکرولای پاکنەژاد کە جمهووری ئیسلامی کوشتی. بەتحایی دواتر کە ڕێژیمی شا رووخا ئیعترافی کرد هاوکاری ڕێژیمی شای کردووە. فەرموو پاشماوەی کاتەکە بۆ جەنابت.



**تەیفوور بەتحایی**: عەرز بێ سوئالی یەکەم کە تێکنیکێکی تازە دێ، نازانم دەبێ بێ تا لەوەو دوا بزانین ئێمە چ دەکەین. ئەڵبەتە یەک شت فەقەت بڵێم ئەوەی کە پێمان وا بێ سینەماکاری کورد بۆ خۆی بڕیار دەدا کە چ بکا لەگەڵ تێکنیک ئەوە وا نییە، ئەوە ئەنیستیتوویەکی دەوێ کە سەرمایە دابنێ و بتوانێ ئیمکانات بۆ سینەماکارەکان فەراهەم بێنێ. نازانم ئەوە ناکرێ جواب بدەینەوە چون داهاتوویەکە. من زۆریش سەر لەو تێکنیکە تازانە دەرناهێنم.

مەسەلەی دووەم کە مەربوت بە ڕەد فێعل یان کاردانەوە لە سەر کتێبەکەیە تا ئێستا هیچم نەبیستووە، یانی لە هیچ کوێ نەمبیستووە کە ئەوانە شتێکیان لە سەر نووسیبێ چاک یان خراپ وەک سازمانە سیاسییەکان. وەک خەڵکی ئاسایی هەبووە، کەسانێک کە هەر وەک خۆشی گوتوویەتی لەگەڵ بۆچوونەکانی من نەبوون. موهیم بۆ منیش هەر ئەوەیە کە ئەویش ئیشارەی پێ کردووە کە وتووێژێک دروست ببێ ئەسلەن هەدەفی ئەو کتێبە لە بناغەوە ئەوە بووە کە شتەهایەک تەرح بکەین کە لەوەو دوا بتوانێ وتووێژێک دروست بکا کە لەو وتووێژە مومکینە شتی تازە دەر بێ.

مەسەلەی سێیەم مەسەلەی دادگاکە، ئەو قسەیە بە تەواوی رەد دەکەمەوە و رێفرێنسیش دەدەم بە کتێبەکەی پەرویز سابیتی کە لەوێدا عیرفان فەرد هەر ئەو سوئالەی لێ دەکا لە ئاغای سابتی ئەویش زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێ نا هیچ هاوکارییەکی لەگەڵ ئێمە نەکردووە.




**حەسەن قازی**: زۆر باشە، دیارە بەڕێزت ڕۆماننووسیشی و هەر وەها سەبارەت بە مەسەلەی ژنانیش لەگەڵ هاوسەرت بەڕێز ژیلا کە ئەویش چالاکی بواری ژنانە کتێبتان نووسیوە. کاتەکەمان لێرە دا تەواو دەبێ. ئەمن داوا لە بینەران دەکەم کتێبەکە یان بە کوردیی سۆرانی یان بە فارسی کە بەخۆشییەوە بە هەر دووک زمان لە گوتنبێرگ لە سوێد بڵاو بووەتەوە پەیدا بکەن. ئەگەر بکرێ هاوکارانم ئادرێسی وەشانخانەکەش لە سەر ئەکران بنووسن . هیوا دارم ئەو کتێبانە وەدەست بێنن و بیانخوێننەوە. و بە خوێندنەوەی ئێمە سیاسی نووسەر دەکەین بۆ بەشداری لەم بەرنامەیە دا. تاکوو ڕاوێژێکی دیکە لای ئێوەمان خۆش.

**تێبینی**: ئەم هەڤپەیڤینە لە یەکشەمە ٢٦ی مەی ٢٠١٣ بۆ بەرنامەی ڕاوێژ بە شێوەیەکی زیندوو لە تێلێڤیزیۆنی ستێرکەوە بڵاو کراوەتەوە، دەکرێ ڤیدیئۆی بەرنامەکە بەم ناونیشانە لە تۆڕی کۆمەڵی یوتیووب دا تەماشا بکەن.

سەرچاوە: وێبلاگی روانگە - ڕێکەوتی: ٢٩ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧

# وتارێکی بچوک لەمەڕ بابەتێکی گەورە



**تەیفوور بەتحایی**

خودموختاری، فێدراڵی، سەربەخۆیی؟ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دنیا و بە تایبەت ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کەوتووەتە بوارێکی تازەی سیاسییەوە. کاتی ئەوە هاتووە باسە کۆنەکان تازە بکرێنەوە و پێداهاتنەوە لە ڕوانگەکاندا بکرێ. بەشێک لە "ئێتیوپی" بە دەنگدان جیا بووەوە، دیکتاتۆرەکانی دنیای عەرەب یان لابران یان جێگایان بە جیددی لێژ بووە، فەلەستین باسی وڵاتێکی سەربەخۆی هێناوەتە پێشەوە، کوردستانی باشور فێدرالێکی بۆخۆی دامەزراندووە. با هێشتا دانیان پێدا نەنابێ، بەڵام بە کردەوە نەختێک بەڕێوە دەچێ. ئێران لە قەیرانێکی تازەی نێونەتەوەیی دایە و چاوەڕوانی گۆڕانکاریی قووڵی لێ دەکرێ. کەوابوو ئۆپۆزیسیۆنی کورد دەبێ زۆر بە وردی و وریایی هەلومەرجەکە لێک بداتەوە و پلان و بەرنامە بۆ خۆی دابنێ و ئامادەکاریی بۆ بکات. بەرلە هەر شتێک، ئەوە دروشمی ستراتیژییە کە ئەرکەکان دیاری دەکات. بەپێی ئەو دروشمەیە کە بۆچوون و بیروباوەڕ و کردەوەکان دیار دەبن. چوونکە یەکەم فاکتەر لە هەر گۆڕانێکی سیاسیدا باڵانسی هێزەکانی دوو بەرەیە. دەبێ بزانین پشتیوانی لەو خواست و ئایدیایە تا چ ڕادەیەکە و ئێمە بۆ دابین کردنی چەند ئامادەکاریمان کردووە و هەلومەرجەکە تا چەند بە قازانجی ئێمەیە.کێشەی نەتەوەیی (میللی) کێشەیەکی سیاسییە کەلە قۆناخێکی مێژوویدا سەرهەڵدەدا و چارەسەری سیاسی دەوێ. کۆمەڵێک دەگاتە کۆدەنگییەک و خۆی لەوانیتر بە جیاواز دەزانێ. پێکهاتنی ئەم بڕوایە بە هۆی داگیرکردنەوە بووبێ یان بە هۆی زوڵم و زۆری نەتەوەی باڵادەستەوە یان دیکتاتۆری پاوانخواز، جیاوازییەکی زۆری نییە. گرینگ ئەوەیە خەڵکێک پێی وایە بە چارەسەرکردنی کێشەی میللی کێشەکانی دیکەی چارەسەر دەکرێ، یان بڵێین ڕێگا بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێتەوە. لەڕاستیدا کاتێک ئەم گرێ کوێرە دێتە ئاراوە و خەباتی بۆ دەکرێ و کوژران و ماڵوێرانی لێ دەکەوێتەوە و دەبێتە کۆسپێکی گەورە لە ڕێگای

چارەکردن و پێڕاگەییشتن بە ناتەباییەکانی دیکەدا. بۆیە لەم شێوە کۆمەڵانەدا هەتا ئەم کۆسپە لانەچێ کێشەی وەک چینایەتی و دێمۆکراسی و لابردنی داب و نەریت و کولتووره کۆنەکان مەودا پەیدا ناکەن. کەوابوو، دەبێ هەر لە سەرەتاوە شێوە چارەسەرێک رەچاو بکرێ کە دوایە بڕوبیانوی لێی پەیدا نەبێ. ئەم باسەی من لەسەر ئەم شێوە چارەسەرەیە کە خۆی لە دروشمی ستراتژیکی هێزە سیاسییەکاندا دەبینێتەوە.هەر لە سەرەتای جووڵانەوەکانی نەتەوەیی کوردەوە هەتا ئەم ئاخرانە بەگشتی ئەوە دروشمی خودموختاری بووە کە دووپات کراوەتەوە. گەرچی هێندێ هێز و رێکخراو دروشمی دیکەشیان هەبووە، بەڵام نەبووەتە دروشمی جەماوەر و کاری شیاوی بۆ نەکراوە. لەو وڵاتانە کە کورد تێیدا دەژی لە پاش شەڕی دووهەم بەملاوە کە دەورانێکی نوێی سەرمایەداری زاڵ دەبێ، هەموو کاتێک دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری ناوەندی هەبووە کە نەیهێشتووە کەمە نەتەوەکان بە هیچ جۆرێک مافی کولتوری و ئابووری و سیاسیی خۆیان هەبێ یان لە دەزگاکانی دەسەڵاتدا بەشدار بن. بۆ نموونە کۆماری ئیسلامی ئێران ٣٢ ساڵە لەسەر کارە، بەڵام یەک وەزیر یان بەرپرسی باڵای کورد یان بەلووچ یان تورکەمەن یان سوننە دانەنراوە. هەموو دەسەڵات لە پاوانی شێعە و مەلا دایە. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەم نەتەوانە خۆیان بە هاوبەش لە وڵاتدا نەزانن و داوای بە رەسمی ناسینی کەسایەتیی خۆیان بکەن. سەردێڕی ئەم داوخوازە لەباری سیاسییەوە مافی چارەنووسە کە لای ئێمە دیاری کردنی ئەم مافە ببوو بە خودموختاری (ئۆتۆنۆمی). کە کەمترین داوخوازە لە مافی چارەنووسدا. نەبوو، نەمانتوانی دابینی بکەین. هێزەکانمان لاواز و پەرش و بڵاو بوو، خەڵکەکەمان دەسکورت و هەژار بوو، خواستەکەمان لەباری نێونەتەوەییەوە پشتیوانی نەبوو، چوونکە بە کێشەی نێوخۆیی وڵات دەناسرێ.

دوژمنەکەشمان (هێزی دەسەڵاتداری ناوەندی) پاوانخواز و شۆڤینیست و دژی گەلی بوو و بۆ راگرتنی دەسەڵاتی بێ ئەملا و ئەولای خۆی لە هیچ کردەوەیەکی نامرۆڤانە سڵی نەدەکردەوە. بەڵام ئەگەریش وا نەبا و سەرکەوتباین، ئەوە کێشەکە چارەسەر نەکرابوو، چوونکە لە هەموو داوخوازییەکانی خودموختاریدا (هەر لە کۆنەوە هەتا ئێستا) سێ دەسەڵاتی بنچینەیی دراوە بە حکومەتی ناوەندی کە دەکرێ بڵێین لە هەموو جێگایەکی ئەم دنیایەدا سێ کۆڵەکەی دەسەڵاتن. ئەرتەش، ئابوری و سیاسەتی نێو نەتەوەیی. هێندێ دروشمی تێکەڵکراو وەکوو دێمۆکراسی و سۆسیالیزم و شتی لەم بابەتانە نابێتە گارانتی بۆ دابین کردنی لەنێو بردنی جیاوازییەکان. سیستەمی ئابوری و کۆمەڵایەتی وڵاتیک بەپێی گەشەی ئابووری و چۆنیەتی شۆڕشەکەیەوە دیاری دەکرێ. ناوچەی خودموختار بیەوێ و نەیەوێ پاشڕۆی حکومەتی ناوەندییە. یاسا زۆرینە دایدەنێ. زۆرینەش دیتمان بەبێ زۆرەملی دەنگی بە خومەینی و یاساکەی دا. لەباری ئابوورییەوە چاو لە دەستی ناوەندە و زۆریش قسە بکا ئەرتەش دێتە سەری. تەنانەت ئەگەر دێمۆکراسی شێوە پارلەمانی راستەقینەش دامەزرێ، بە لەبەرچاو گرتنی ئەوە کە ئێمە هیچکات دەنگی زۆرینەمان نابێ، واتە ئەوە حکومەتی ناوەندییە کە هەموو شتێکی بەدەستە و هەرکات بیەوێ، هەلومەرجەکە دەباتەوە دۆخی خۆی و ناوچە خودموختارەکەش هیچی بۆ بەرگری لە خۆی نییە و هیچی پێ ناکرێ جگەلە هەڵاتنەوە بۆ شاخەکان. ئەگەریش دێمۆکراسییەکی راستەقینە هەبێ ئەوە خودموختاری بۆ خۆی لە مانا دەکەوێ و قۆناخێکی دیکە لە مێژووی کۆمەڵ دەست پێدەکات کە ستەمی نەتەویی نابێ تێیدا مابێ کە بتەوێ



سەرچاوە
Serchawe

بەشێوەی خودموختاری بەرپەرچی ناتەباییەکان بدەیتەوە.بە کورتی دروشمی خودموختاری وەڵامدەرەوەی مافی چارەنووس و مافی نەتەوایەتی نییە و هیچ مەودایەکیش بۆ نەهێشتنی چەوسانەوە ناڕەخسێنێ.پاش هەڵگرتنی دروشمی فیدراڵی لە کوردستانی باشووردا، ئەم دروشمە بوو بە دروشمی ڕێکخراوە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتیش، بەبێ هیچ لێکدانەوەیەکی چڕوپڕ و رازی کەرەوە. گەرچی لە عێراقیشدا هێشتا بە تەواوی سەرنەکەوتووە و حکومەتی ناوەندی دانی پێدا نەناوە، بەڵام بە کردەوە داسەپێندراوە. ئەوەش دەسکەوتی هاوسەنگی هێزەکان و هەلومەرجی تایبەتی داگیرکردن و روخانی رژێمی پێشووی عێراق بوو کە ئەو هەلەی رەخساند. چەند دەوام دێنێ و چی بەسەر دێ، باسێکی دیکەیە. کێ دەڵێ ئەو بارودۆخە لە ئێرانیشدا دووپات دەبێتەوە؟ ئەوەندە هەیە بزانین یەکەم جیاوازی ئەوەیە کە عێراق دوو نەتەوەییە. (کورد و عەرەب) بەڵام ئێران لانیکەم شەش نەتەوەی تێدایە. سیستەمی فیدراڵی یەکێک لە سیستەمە ئاساییەکانی ئەوڕۆی دنیایە و لە ئەمریکاوە دەستی پێکردووە. ولایەتە سەربەخۆکان دانیشتن و بەیانکیان نووسی (١٧٧٧) و یەکیان گرت. بۆیە پێیان دەڵێن ویلایەتە یەکگرتووەکان. هەروەها پاش شەڕی یەکەم لە سۆڤیەت وڵاتە سەربەخۆکان یەکێتییەکیان پێکهێنا کە پێی دەکوترا یەکیەتیی کۆمارەکان. لە ئاڵمان پاش شەڕی دووهەم بۆ بەرگری کردن لە پێکهاتنی دیکتاتۆرییەکی شێوە نازیسم دەسەڵاتی ناوەندی بەش بەش کرا و بوو بە فیدراڵ... ئەگەر لە مێژوو و چۆنیەتیی پێکهاتن و ئیدارەی ئەوڕۆی ئەم وڵاتانە بڕوانین دوو شتمان بۆ دەردەکەوێ. یەکەم: پێکهێنانی سیستەمی فیدراڵی لە خواست و خەباتی خەڵکی سەربەخۆی ناوچەکانەوە دەستی پێکردووە. دووهەم هەموو لایەک ئازادی هەڵبژاردنیان هەبووە و یەک ناوچە خۆی بەسەر ئەوانی دیکەدا نەسەپاندووە و کەسیش بە زۆر نەهێنراوەتە نێو سیستەمەکەوە. کە وابوو ئازاد بوون لە دیاری کردنی مافی چارەنووسدا یەکێک لە مەرجەکانە. دووهەم سەربەخۆبوون مەرجی پێشەکی فیدراڵییە. سێهەم خواستی ئاشکرای خەڵکە، بە خەباتکردن و نیشاندانی ویستی سەربەخۆییە. با بزانین جگەلە کورد کام لە نەتەوەکانی ئێرانی فرەنەتەوە خەباتی بۆ ئەم دروشمە کردووە، یان دەیکا؟ فارس کە بۆ خۆی حاکمە و نایەوێ یەک بستی لەژێر دەست بچێتە دەرێ. ئازەرییەکان جگەلەوە لە دەسەڵاتدا شەریکە و تەنیا داوای خوێندن بە زمانی دایکی دەکەن. ئەوانی دیکەشیان لە باشترین هەلدا (بە دروستی) بە مافی خۆیان دەزانن کە لەگەڵ ئازەربایجانی باکوور یەک بگرنەوە. تورکەمەن و بەلوچ و لوڕ و عەرەب هێشتا نەگەیشتوونەتە ئەو رادەیە کە خەباتەکەیان ببێتە خەباتی گەلەکەیان و قسەکان لە بازنەی هێندێ رووناکبیر و ڕێکخراوی دەرەوە وڵاتیدا ماوەتەوە و قسە دێ و قسە دەڕوا. کەوابوو ئەو مەرجە کە دەبێ هەموو لایەنەکان ئامادەیی ماددی و زەینییان بۆ دابین کردنی سیستەمی فیدراڵی هەبێ نەهاتۆتە دی. بەشێکی زۆر لە ئۆپۆزیسیۆنەکانی رژیم بە مەرجێک لەگەڵ کورددا دادەنیشن کە پێش هەر شتێک تەواویەتی خاکی ئێران (تمامیت ارضی) بپارێزرێ و بە هیچ شێوەیەک نەخرێتە بەرباس. بەداخەوە ئەمانیش ملکەچی ئەو خواستەن و هاواریشی بۆ دەکەن. قەبووڵ کردنی ئەم مەرجە یانێ کۆڵ دان بۆ شۆڤینیزمی دواکەوتووی ئێرانی. ئەمە راست یانێ گەڕانەوە بۆ خودموختاریەکە، یان بڵێین ناوەکەی فیدراڵییە و ناوەڕۆکەکەی خودموختاریە. مەرجی ئازادیی هەڵبژاردن هەر لە ئێستاوە شمشێری بەڕودا کێشراوە. بەرلە هەر دروشمێکی

فێدراڵی دەبێ دروشمی سەربەخۆیی بدرێ. هەر نەتەوەیەک وڵاتێک، ئەمە یاسای نێو نەتەوەییشی لە پشتە. ئەو نەتەوەش خۆی بە کۆدەنگی خۆی دیاری دەکا. با بە سێ زمان قسە بکات، یان لە سێ رەنگ و رەگەز بێ. با پەنجا جۆر ئاهەنگ و هەڵپەڕکێ و جلوبەرگی هەبێ. ئەوە ئەوانن خۆیان بە نەتەوە دیاری دەکەن و دەنگ بۆ سەربەخۆیی خۆیان دەدەن. کەس هەیە بتوانێ بڵێ ئەمریکا یەک نەتەوە نییە کەچی ٥٢ رەگەز و زمان و...ی تێدایە. گرنگ ئەو خەڵکە خۆی بە ئەمریکی دەزانێ و تەواو. پێویستی بە کۆنە قەباڵەی مێژوویش نییە. هەموو مێژووەکەیان دووسەد و چل ساڵە. ئەگەر خۆمان ئەو کۆدەنگییەمان هەبوو و ئامادە بووین سەربەخۆ بین، ئەوجار ئەگەر ئەوانی دیکەش بە نەتەوەیەکی جیاواز و سەربەخۆمانیان زانی، ئەودەم دەتوانین دابنیشین و یەکەتیی فێدراڵ پێک بێنین، یان شتێک وەکوو بازاڕی هاوبەشی ئورووپا. لە سیاسەتدا هیچ سنوورێکی پیرۆز بوونی نییە. ئەو سنوورانەی ئەمڕۆ پەنجا ساڵ لەمەوبەر لە ئارادا نەبوون. سی ساڵ لەمەوبەر، بەشی هەرە زۆری وڵاتانی ئەفریقا لە هیچ لیستەیەکدا نەبوون. ئەمڕۆ ئەندامی رێکخراوی نێونەتەوەیین. وتەیەک هەیە کە زۆر دووپات دەبێتەوە. دەڵێن دنیا خەریکە سنوورەکان لا دەبا (مەبەستیان ئورووپایە) ئێوە دەتانەوێ سنووری تازە دانێن. ئەمە دماگۆژییەکی (خەڵک فریودان) منداڵانەیە کاڵ بوونەوەی سنوورەکان لە ئورووپا لە نێوان وڵاتانی سەربەخۆ دایە. من بۆ دەبێ لەگەڵ ئازەری و عەرەب سنوورم نەبێ بەڵام لەگەڵ برا کوردەکانی شاندەستم بە تێلی دڕو و دیواری بتۆن جیا کرابینەوە. رەنگە بگوترێ ئەمە مێژووی لە پشتە و وا هاتووە. منیش دەڵێم کاری شۆڕش دووبارە نووسینەوەی مێژووە. هیوادارم ئەم وتەیەم وا لێک نەدرێتەوە کە ئێمە دەبێ کوردستانی گەورە دروست بکەین. گەرچی ئەوە مافی خۆمانە و ئاواتی هەموو کوردێکە، بەڵام من باسی دروشمی ستراتیژیکی ئەم قۆناخە دەکەم لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا و پێم وایە کاتی هاتووە و سەربەخۆیی بۆ کوردستانی رۆژهەڵات تەنیا دروشمی دروستە و تەنیا رێگاچارەسەری دابین کردنی ماف و داوخوازییەکانی گەلەکەمانە و تەنیا رێگای کەم کردنەوەی دەسەڵاتی سەرکوتکەری ناوەندییە. بشزانین لە پێناو ئەم دروشمەدا هەر ئەوەندە دوژمنایەتیمان لەگەڵ دەکرێ کە تا ئێستا کراوە. ئەوەش کە لەگەڵ نییە با هەر ئێستا بزانین نەک دواتر بە جێمان بهێڵێ.هەڵەکە لە کوێ دایە؟ بۆ باسی فێدراڵی . (وەکوو زۆر شتی دیکە) . کە دەگاتە لای ئێمە سەروگوێلاکی دەبڕدەرێ؟ نەزانینی رێبەرایەتییەکانە؟ پەلە کردن و چاولێکەرییە؟ خۆ بەکەم زانینە؟ خراپ لێکدانەوەی هەلومەرجە؟ یان کلاویان لەسەر ناوین؟هەرکام لەمانە بێ، یان هەندێک لە هەر کامیان، یەک شت روونە، ئەویش ئەوەیە کە دەترسێین باسی سەربەخۆیی بکەین. دەترسێین لە پەراوێز بخرێین. دەترسێین بە تەنیا نەتوانین خواستەکانمان بێنینە دێ. لە هەواڵ دەگەڕێین. ئەوانە ئێستاش هەواڵی ئێمە نین. ئەوان پێویستییان بە ئێمەیە دەنا لاشمان لێ ناکەنەوە. گومان لەوەدا نییە هەر دەبێ خۆمان خواستەکانمان بهێنینە دی. ئەگەر رۆژێ خۆی گەیشت دەبێ بزانین کە خەڵکی کورد تەنیا خۆی بە کەڵکی خۆی دێ. بۆیە دەبێ لەباتی کار لەسەر خەڵکەکانی دیکە کار لەسەر خەڵکی خۆمان بکەین. وای لێ بکەین باوەڕ بە خۆی بێنێ. و لە ئاکامدا بزانین کە ئەوە هاوسەنگی هێز و دەسەڵاتە کە چارەنووسەکە دیاری دەکا، نەک قسەی خۆشی سەرمێزی کۆبوونەوەکان.کە دروشمی سەربەخۆییمان هەڵگرت، دەبێ هەر لە ئێستاوە کار بۆ پێکهێنانی

دەوڵەتێک بکەین کەلە داهاتوودا، لە ڕۆژی شۆڕشدا دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێ. بۆ پێکهێنانی ئەم دەوڵەتە کۆدەنگییەک لە هێز و ڕێکخراوەکان پێویستە. یەکگرتنێک لەسەر ستراتیژی خەبات. ئەمەش یانێ وتووێژێکی چڕوپڕ لە نێوان هێزە کوردییەکاندا، کە هیوادارم درەنگ نەبووبێ و بکرێ. پێش سەرتیشی وەلانانی پاوانخوازی و تاکڕەویی ئەم هێزانەیە. ئەوەش کە دەیەوێ بە ڕشتن و فیدا کردنی خوێنی کوردان حکومەتی تاران بە دەستەوە بگرێ با لە خەونی خۆشی خۆیدا بێ و کارمان پێ نەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردپا - ڕێکەوتی: ٦ی ئاگۆستی ٢٠١١

## خەباتی چەکداری نوێ (راسان) لە تئۆری و پراتیکدا



**تەیفوور بەتحایی**

ماوەی ساڵێکە جووڵانەوەیەکی چەکداری تازە لە ڕۆژهەڵات ڕاگەیەندراوە. لەم یەکساڵەدا زۆر لێی گەڕاوم کە تئۆری ئەم جووڵانەوە بە نووسراوە یان بە گوتار لە شوێنێکەوە ببینم یان ببیسم. چوونکە من بۆ خۆم پێم وایە لە ئێرانی ئەوڕۆدا کاتی خەباتی چەکداری هاتووە. بەڵام ئەوەی سەبارەت بە ڕاسان گوتراوە و نووسراوە یان پێداهەڵگوتنە، یان ڕەخنە و پەندە، یا خود دروشمە و پەیوەندی بە تئۆرییەوە نییە. هەموو جارێکیش دەگوترێ کە ئەمە درێژەی خەباتی حەفتا ساڵەیە کە ماوەیەک بە هۆی بەرژەوەندیی باشوورەوە پشووی دابوو. نێوەکەشی دەرخەری ئەو بۆچوونەیە.

من هەر لێرەوە دەست پێدەکەم و دەمەوێ بڵێم ئەمە ناتوانێ درێژەی ئەو بەرگرییە چەکدارییەی بێ کە دوای شۆڕشی ٥٧ی ئێران دەستی پێکرد و هەتا نێوقەدی شەستەکان درێژەی هەبوو.

**جیاوازییەکان ئەمانەن:**

**پێشوو**

- ئەوکات لە ئێران شۆڕش کرابوو و تان و پۆی سیستم تێک چووبوو.

- خەڵک کە دوای شۆڕش بە تەمای ئازادی بوون، هەستیان بە مەغموومی دەکرد و چەک. هەڵگرتنیش ئاسان بوو. زۆر جار

ئەوە حیزبەکان بوون بە دوای خەڵک دەکەوتن.

- گوندەکان ئازاد بوون و حیزبەکان حاکمی ناوچە بوون.

- دیالکتیکی بەرگریی چەکداری و وتوویژ لە گەڵ هێزی پەڵپ نەبەستووی ناوەندی دەکرا وەکوو شێوەیەکی تاکتیک کەڵکی لێ وەرگیرێ.

- هێزەکانی کوردستان هێشتا ناکۆکییان لە نێواندا نەگەییشتبووە ڕادەی تێکهەڵچوون.

- شەڕی ئێران و عێراق وەکوو فاکتەرێکی دیاریکەر لە نێواندا بوو و هەموو هێزەکان لەو دژبەرەکییە کەڵکیان وەردەگرت.

ئێستا:

- هیچکام لەو هەلومەرجانەی کە لە سەرەوە باسکرا نەماوە. فەزای ئینقلابی ئەوکات و بێسەرەوبەرەیی هێزی حاکم نەماوە. ئێران بووەتە یەکێک لە هێزەکانی سەقامگرتووی دڕندەی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست.

- خەڵک ئەو گوڕوتینەی نییە و بەشی هەرە زۆری بە هۆی دژواریی بژیوی ژیانەوە بە چۆکدا هاتووە و لەگەڵ هەلومەرجەکەدا خۆی گونجاندووە.

- یەک بست خاکی ئازاد بەدەست هێزەکانی کوردستانەوە نییە و لەبەر دانانی جاش، گوندەکان زیاتر جێگای مەترسین هەتا پەناگا.

- وتوویژ لەگەڵ ڕژیم بارەها بەتاقی کراوەتەوە و بێکەڵک بوونی مسۆگەر بووە.

- هێزەکانی کوردستان نەتەنیا شەڕیان لە نێواندا قەوما و ئەو برینە کەم و زۆر هەر ماوە، بەڵکوو لە ڕادەی هەیئەتی نوێنەرایەتی خەڵکی کوردی ئەو زەماندا، هاودەنگییان نییە.

- شەڕی ئێران و عێراق نەتەنیا نەماوە، بەڵکوو عێراق و تا ڕادەیەک باشووریش لە ژێر ڕکێفی جمهوری ئیسلامیی ئێراندایە.

- ئەو ئیمکاناتەی پێشوو(چەک و پارە) لەبەردەستدا نییە.

کەوابوو، جووڵانەوەی تازە خەباتی چەکداریی نوێیە و لە سەرەتاوە دەست پێدەکا و نیازی بە تئۆرییەکی تازەیە و ئەوانەی کۆن هیچی لەگەڵ ئەم هەلومەرجەی ئێستادا نایەتەوە.

**تئۆری، ستراتیژی، تاکتیک**

بۆ دیاریکردنی پێویستیی خەباتی چەکداری لەم کاتەدا ئەم چەند شتە دەبێ بە شێنەیی دیاری بکرێ:

**تئۆری:**

- لێکدانەوەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، حکومەت و کۆمەڵگای کوردستان
- دەستنیشان کردنی زەرورەتی خەباتی چەکداری
- شیکردنەوە و قۆناغبەندیی ئەم خەباتە. بۆ کوێ دەچێ، چۆن دەچێ و بە کوێ دەگا؟ (ئامانج)

**ستراتیژی:**

- هەبوونی دروشمی ڕوون کە دیاریکەری ئامانج بێ. بۆ نموونە، کاتی خۆی کە هێزەکانی دژبەری ج.ا هیچ دروشمیان نەبوو، دروشمی خودموختاری بوو بە دروشمی خەڵک و ئامرازێک بۆ بەرەنگاری. بەڵام ئەوە ئێستا نەتەنیا خەڵک کۆ ناکاتەوە، بێزاریشیان دەکا. من پێم وایە فێدراڵییش هەر وایە. کێشەی کورد و کوردستان بووەتە کێشەی نێونەتەوەیی. هێزی پێشکەوتنخواز دەبێ دروشمی پێشکەوتووی هەبێ.

ئەگەر نەتەوەین یان بەشێک لە نەتەوەین لە سەربەخۆیی کەمتر وەڵامی ئەو هەموو بەهادانە نییە و خەڵکی شۆڕشگێڕ پێی ڕازی نابێ.

- لێکدانەوەی هێزەکانی خۆیی و دوژمن. توانایی فکری، نیزامی، تەشکیلاتی. دەبێ دیاری بکرێ شوێنی لاوازی ڕژیم کامەیە کە لەوێ بدرێ. بۆ نموونە سی ساڵە هەموو هێزەکان هەر خەریک لەقاودانی تون وتیژییەکانی ڕژیمن. ئەمە بەئاکام گەییشت تا ئەو جێگا کە زۆربەی وڵاتانی دنیا ڕێژیمیان بایکوت کرد و ڕێکخراوی مافی مرۆڤیش پەیتا پەیتا ئێدانەیان دەکا. بەڵام ڕێژیم لە شوێنی خۆیەتی . ئەمە نیشان دەدا کە ئەوە خاڵی لاوازی نییە.

- دیاریکردنی پشتیوان. مەبەست پشتیوانی کارا بە تایبەت لەنێو خەڵکدا، نەک دڵخۆشکردن بە چوار وشەی فلان وەزیر یان نوێنەری پارلێمانی ئورووپا.

- قۆناغبەندی و زەمانبەندیی ئەو قۆناخانە.
- پێشبینیی ئەگەری شکست لە قۆناغەکاندا.
- دانانی پێگەی لێکدانەوە دوای هەر قۆناغ.
- ئامادەکاری بۆ دوای گەییشتن بە ئاخر قۆناغ. بۆ نموونە دوای ڕووخانی ڕێژیم چ دەکەین، چۆنی ئیدارە دەکەین. یان دەوڵەتی سەربەخۆ چۆن بەڕێوە دەچێ. ئەو شتانە کە وەکوو بەرنامەی حیزبەکان نووسراوە وەڵامدەرەوەی ئەم باسە نییە.
- کەم کردنەوەی بوروکراتی نێو هێز و حیزبەکان و ئاواڵەکردنی دەرگای هاتنە گۆڕی خەلاقییەت بۆ کادرەکان و کەم کردنەوەی فەرمانی لەسەرەوە بۆ خوار.

**تاکتیک**:

- لێکدانەوەی تئۆریکی ئەو تاکتیکە کە هەڵبژێردراوە.
- مانۆڕی گۆڕینی تاکتیک.
- ئامادەیی خەڵک و کادرەکانی نێو خەڵک بۆ بەجێ گەیاندنی تاکتیکەکان.

***

خەباتی چەکداری ڕابردوویەکی زۆر کۆنی لە مێژووی مرۆڤدا هەیە.

بەتایبەت کورد بە پێ بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکەی کە فئۆدالی - عەشیرەتی بووە، پێشتر جگە لەم شێوە خەباتە هیچیتری نەزانیوە و نەیکردووە. بەڵام هەتا دەگەیینە سەردەمی کۆمەڵەی ژ کاف. هیچ تئۆرییەکی بۆ خەبات نەبوو. دوای ئەوەش

ستراتیژی ڕوونی نەبووە و بە دووی ڕووداوەکان کەوتووە. ئێستا ئەگەر دەیەوێ ڕێگایەکی تازە هەڵبژێرێ دەبێ تئۆری و لێکدانەوەی هەبێ.

لە دەورانی مۆدێرندا بە تایبەت لە سەدەی بیستەمدا و دوای شەڕی دووهەم کە جووڵانەوە ڕزگاریخوازەکان هاتنە ئاراوە، چەندین شێوە و تئۆری بەتاقی کراوەتەوە. ئەوانەی کە لەگەڵ هەلومەرجی وڵاتەکە ڕێککەوتوون، سەرکەوتنی بەدەست هێناوە و ئەوانی دیکە شکستیان هێناوە. بۆ نموونە گەمارۆی شارەکان لە ڕێگای دێهاتەوە کە تێزی مائۆ بوو لە چین سەرکەوت. بەڵام لە زوفار سەرنەکەوت. شۆڕش بۆ شۆڕش لە کوبا سەرکەوت و لە ئێران شکستی هێنا و...

من پێم وایە تئۆرییەکانی خەباتی چەکداری ساڵەکانی ٥٠(چریکە فیداییەکانی گەل( لە ئێراندا دەبێ زۆر بە وردی چاوی پێدا بخشێندرێتەوە. گومانم لەوە هەیە کە بانگەوازکەرانی ڕاسان ئەو کارەیان کردبێ و هۆی شکستەکەیان بە وردی لێکدابێتەوە. بۆ نموونە زۆر دەگوترێ و دەگوترێتەوە و تەنانەت شێعری پێدا هەڵدەڵێن کە ئەمە گرێدانی خەباتی شاخ و شارە. ئەم تئۆرییە یەکێک لەو تئۆرییانە بوو کە ئەوکات لەنێو فیداییەکاندا هەبوو و هەر بەوە دەستیان پێکرد. ڕووداوی سیاهکەل کە ڕاست وەکوو ڕووداوی سەرەتای ڕاسان لە یەکەم هەنگاودا زەربەی کاریی لێکەوت(ئەو ڕێگای لێگرتن . دوایە دوو تئۆریی دیکە کەوتە بەر باس. تەنیا لە شاخ یان تەنیا لە شار. کە ڕەوتی ڕووداوەکانی پاش سیاهکەل خۆبەخۆ تئۆریی شاری سەر خست. ئێستا بە گەورەبوونەوەی شارەکان و گرێدراویی گوندەکان بە شارەوە ئەم تئۆرییە زیاتر جێگای تێڕامانی هەیە.

تئۆری تەنیا لە شاخ نەتەنیا لە سیاهکەل بەڵکوو پێشتر لەکوردستان (گرووپی ئاوارە و شریفزادە و...ساڵی ٤٦ ی هەتاوی) بە تاقی کرابووەوە و شکستی هێنابوو. تئۆری شاخ و شار لە بنەڕەتدا تێزی تۆپامارۆیە لە بێرزیل. هێزی پارتیزان لە شاخ و گوندەکان و تەشکیلاتی نهێنی لە شار.

خاڵی لاوازی ئەو جۆرە کە خۆیان دوایە لێکدانەوەیان لەسەر کرد. ئەوە بوو کە ڕێژیم هاسانتر دەستی دەڕوا پارتیزانەکانی شاخ سەرکوت بکا و خەڵکەکەیان لێ بڕەوێنێتەوە) خەڵکی جوتێر تا ماوەیەکی دیاریکراو دەتوانێ بەرەنگاری بکا. دوایە یان پشت لە هێزی چەکدار دەکا یان کۆچ دەکا( ئەمە بوو بە هۆی شکستی تۆپامارۆ. ئەم تاقیکردنەوە لە باکووری کوردستانیش لەم ئاخرانەوە کرا. پ.ک.ک - ە. د. پ. گریلا لە شاخ و تەشکیلاتی ئاشکرا لە شار. دیتمان چۆن بە بیانووی گریلاوە ڕێکخراوی شاریان داپڵۆسی. کە وابوو ئاخر چارە تەنیا و تەنیا دەبێتە ڕێکخراوی نهێنی لە شاردا.

**ئەمەش چەند مەرجی هەیە کە بە کورتی باسی دەکەم.**

**من پێموایە کە هەلومەرجی خەباتی ئێستا لە ئێراندا زۆر لە هەلومەرجی ساڵەکانی ٥٠ ی هەتاوی ئێران دەچێ. ڕێژیمێکی سەرەڕۆی بێ بەزەیی، و حاکم بەسەر هەموو شتێکدا. دێهاتی نائەمن بۆ خەبات، خەڵکێک ترسێندراو و لە هەمان کاتدا لاوانی زۆری ئامادەی خەبات. جیاوازییەکە لەوەدایە کە ئێستا خەڵک زۆر لەوکات ناڕازیترن. و حکومەت شوێنی لێدانی زۆرترە. ئەمە ئەو جێ پێیەیە کە دەبێ جووڵانەوە کاری بۆ بکا. کاری تەشکیلاتیی چڕ، هەتا ئەو خەڵکە دەگەنە ئەو ئاستە کە بڵێن:**

**نەتەنیا ئەم ڕێژیمە دەبێ بڕووخێ ،بەڵکوو ئێمە دەتوانین بیڕووخێنین. ئەوە ئەو کاتەیە کە هێزی پێشڕەو زەمینەی بۆ کاراکردنی ڕێکخراو و چەکدار کردنی خەڵک هەیە و دەتوانی بەرەو ئامانج بڕوا. هەروا کە دەستنیشانم کرد ئەمە پێویستی بە قۆناغبەندییە و ئامادەکاریی خەباتکارەکان.**

**هەڵەیەک کە هۆی هەموو شکستەکانە و لە هەمووان‌دا هاوبەشە ئەوەیە کە؛ بڕیار لە لایەن چەند کەسێک یان هێزێکی نوخبەوە دەدرێ و دوایە دەیانەوێ خەڵک لە دوویان بکەوێ (لە سەرەوە بۆ خوارەوە). لەباتی ئەوە کە بیانەوێ خەڵک بە دوی خۆیاندا بکێشن، دەبێ ئەوان پشتیوانی خەڵک بن. (لە خوارەوە بۆ سەرەوە( خەڵکیش ئەوانە نین کە لە دەوروبەری خۆیانن. دەنا جگە لە شکست هیچ بەرهەمێکی نابێ. زۆر جاریش ئەو کات کە خەڵک دەجووڵێ ئەوان ئامادەییان نییە و جووڵانەوەکە سەرکوت دەکرێ. ئەوانیش تەنیا ئەوەیان بۆ دەمێنێتەوە کە باسی پاڵەوانیی خەڵک و بێ بەزەیی بوونی دەسەڵات بکەن، و ئەمەش هیچی لێی شین نابێ.**

**چاوێک بە ڕابردوودا بخشێنین نموونەی زۆر دەبینین. ئەوانەی بیر لە خەباتی چەکداری نوێ لە کوردستان دەکەنەوە، لە باتی وەڵامدانەوەی تەبلیغی وەکوو ئەوە کە تا ئێستا لە وەڵامی پرسیارەکاندا بیستومانە. بیری ڕاستەقینە لە کێشەکە بکەنەوە. و بیرەکانیان لەگەڵ خەڵک بەش بکەن)ڕەخنەی تئۆریک ئەو کاتە دەگیرێ کە تئورییەک بۆ ڕاسان لەبەردەستدا بێ(... کوڕی خەڵک گیای بەهار نییە بۆ زیادکردنی ئاماری شەهیدان بە کوشتی بدەن. دەبێ دەستکەوتەکان بە ڕوونی دیار بن. من نازانم ڕەنگە بۆ خۆیان دیار بێ، بەڵام ئەگەر دەیانەوێ خەڵکیان لەگەڵ بێ، ئەوە دەبێ ئەوانیش بیزانن.**

**ناوەڕۆکی ئەم بابەتە را و تێبینیی نووسەرە و ماڵپەڕی کوردستان میدیا لێی بەرپرسیار نییە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٤ی خاکەلێوەی ٢٠١٧**



سەرچاوە
Serchawe

# ژیان بەدەم زریانەوە



**تەیفوور بەتحایی**

هەستی بەختەوەری هەموو گیانی چیمەنی داگرتبوو.یەک جار بە دڵی خۆی ژیابوو. هەرچەند کورت، هەرچەند کەم. چاوەکانی گەش ببوونەوە. پاش دوو مانگ بزە بەسەر لێوییەوە دەبینرا. پای زەوی نەدەگرت. چێشتی بۆ مەقەڕ لێدەنا، یارمەتی جەماڵی دەدا، دەچووە ناو باخان یارمەتی ژنانی دەدا و جارجار لە پەناوە چەند دانە میوە یا کولێرەیەکی دەبرد بۆ سیامەک کە ئێستا ببوە کادری رێکخراو، ببوو بە بەردەستی کاک شەریف. لە بەر لاقی پێشمەرگایەتی پێنەدەکرا بەڵام چاک و خەراپی ناو رێکخراوی هەڵدەسووڕاند و کاری کاک شەریفی سووک کردبوو. کاری رێکخراو ئەوە بوو کە هەر لە بەیانییەوە هەتا ئێوارە وەڵامی خەڵک بدەنەوە. یەک قەرزی خورابوو، یەک بەشەئاوی دانەخرابوو، یەک دەساڵ لەمەوبەر داری لێبرڕدرابوو. منداڵی یەکێک سەری منداڵی دیکەی شکاندبوو. ژن بە ژن کرابوو. مەسڵەت دەکرا. میرات بەش دەکرا و جارجار یشئەوانەی لە یەکتریان دابوو و دەست و لاقی یەکتریان شکاندبوو جەریمە دەکران یا بۆ زیندان بەڕێدەکران. رێکخراو دەبوو کاری هەموو ئەو ئیدارە دەوڵەتییانە بکا کە لایەکی شارێک دادەگرن. دیارە بەشی زیاتریشی هەروەک خۆیان دەمانەوە.

دەمەو چاشت بوو. باسی پەرژینی باخ و زەوی بوو. کاک شەریف و سیامەک دەیانەویست کۆتاییبە کێشەی دوو جیران بێنن. لەناکاو کچێکی چکۆلە بەڕفان خۆی بە ژووریدا کرد و لە سووچی شان دەرکەکە کزکۆڵەی کرد. وەکوو کارمامزێکی لە پڵینگ ترساو هەڵدەلەرزی و هاسکەی دەهات و چاوە رەش و هەڵەتاوەکانی بە پەلە دەگێڕا و خۆی توند بە دیوارەکەوە نووساندبووچ بووە کچم چتدەوێ؟

لێوی دەلەرزی، هەوڵ بوو، ترس مۆڵەتی گریانیشی پێنەدەدا.

نامەوێ، نا... بە خودا نامەوێ.

چت ناوێ کچم؟ دایکت لێیداوی؟.. جا چبوو دایکتە.

ن، نامەوێ، مێردم ناوێ!

مێردی چی؟ نێوت چییە کچێ؟

چاوە رەشەکانیان رشتبوو،سەر گۆناکانیان سوور کردبوو. گوارەی لە گوێدا بوو. کراسێکی کوودەری سووری گوڵداری تازەی لەبەردابوو. هەر مەچەکێکی دوو بازنەی شووشەی تێدابوو. دەستی تازە لە خەنە گیرابوو و سەر قامکەکانی پێی بە خەنە سوورکرابوو. بووکە چینییەکی چکۆلەی پەرۆش لەشکان.

مێردم ناوێ، نامەوێ مێرد بکەم.

کاک شەریف رووی لە سیامەک کرد و بە پێکەنینەوە گوتی:

تێناگەم!

سیامەک پرسی بە کێیان بە مێرد داوی؟

بە ئامۆزاکەم.

سمایلە بۆر لەوێ دانیشتبوو، تێیخوڕی:

هەستە بچۆوە ماڵێ کچێ، شەرم بکە. بۆ حەیاتان نەماوە؟ ئەو دەورو زەمانە چی لێهاتووە، دەهەستە دەی.

فرمێسک لەگەڵ کلی چاوی شۆڕاوەی رەشی بەسەر گۆنایدا کێشا.، بەدەم هەنیسکی گریانەوە گوتی:

نارۆم، مێرد ناکەم.

کاک سمایل ئەتۆ دەزانی چ بووە؟

قوربان ئەوە "شیرین" بووکی ماڵە مام قادرە، ئەو شەو گوێستوویانەتەوە، هەڵاتووە، خوێڕی.

مێردەکەی کێیە؟

کچی کێیە؟

ڕۆڵە بۆ نەچوویە ماڵی بابت؟ بۆ هاتوویە ئێرە؟

بابم نییە.

ئەوە بابی عەمری خودای کردووە. دایکی دوو ساڵە مێردی کردووەتەوە و چۆتە شار.. مام قادر کەفیلیەتی.

سانیە ژنی مام قادر لۆی شەدەکەی بەبەر زارییەوە گرتبوو هاتە ژوورێ. سڵاوێکی بە چپە کرد و پەلاماری کچەکەی دا.

شیرین زریکاندی و خۆی خستە پشت کاک شەریف و لە پەنا نوێنەکاندا گورپی کرد. سانیە لە ڕووی هەڵنەهات بەناو پیاواندا بڕواتە ئەو سەری ژوورەکە و هەر لە پەنا دەرکەکە ڕاوەستا.

وەرە بڕۆین کچی شیرینم.بۆ ئابڕوومان دەبەی؟ عەیبە.

کاک شەریف نەدەبوو هەروا دانیشێ و هیچ نەڵێ.

تاوێک دانیشە دایکم ئێستا جێبەجێ دەبێ.

سانیە لە حاست خۆی دانیشت. سیامەک مۆڵەتی نەدا کەس هیچ بڵێ، پرسی:

ئەو کچە چندساڵیە دادە؟

ئەمن چوزانم، مەلا دەزانێ، بە شەرع مارە بڕاوە.

سیامەک رووی لە شیرین کرد:

شیرین تۆ دەزانی تەمەنت چەندە؟

شیرین قامکە چکۆلەکانی هەردووک دەستی پێشاندا و گوتی:

یازدە.

هەستە بڕۆ دایکم مام قادرمان بۆ بنێرە.

سەی رەحیم کە نێوان ناخۆشی لەگەڵ مام قادر و سمایلە بۆر بوو هەڵیدایە:

ئەوە لەبەر باخەکەیە. ئەو کچە باخێکی لە بابی پێبڕاوە.

مام قادر مامیەتی و دەیەوێ کەس نەیخوا خۆی نەبێ. کچەکەی مارەبڕیوە بۆ کوڕەکەی خۆی. کوڕەش لەسەری رانەوەستاوە چۆتە زگ کچە، تۆقاندوویەتی و ئەویش هەڵاتووە. هەر دوێنێ شەو هەڵاتبوو کەس نەیدەزانی لە کوێ خۆی شاردۆتەوە.

زۆری پێنەچوو مام قادر هاتە ژوورێ، کاک شەریف بەسەریدا گوڕاندی:

چۆن کچێ یازدە ساڵە بە مێرد دەدەی ریش چەرمگ؟

قوربان خیلاف شەرعمان نەکردووە.

تۆ نازانی بە مێرد دانی کچی ژێر هەژدە ساڵ قەدەغە کراوە؟

وەڵا چیت عەرزکەم قوربان ئێمە بە شەرعیمان کردووە.

هەستە رەحیم، ئەم شەرعە شەرعە بە من جێبەجێ نابێ، بڕۆ مامۆستا کەماڵی بانگ کە.

مامۆستا کە بۆخۆی چوار کچی منداڵی لە شار بە جێهێشتبوو بە دیتنی شیرین ئاوری گرت. بەدوای مەلای دا نارد. مەلا

ڕەنگ هەڵبزرکاو لەو بێحورمەتییەی کە پێیکراوەو پێشمەرگەکان بە دوایاندا ناردووە هاتە ژووری و لە تەنیشتی مامۆستا کەماڵ دانیشت. مامۆستا مۆڵەتی نەدا، سێ چوار ئایەت و حەدیسی بەسەردا کوتا و بە قانوونی شۆڕش مام قادر و مەلای ناردە زیندان.

کارت بۆ دروست کردم بێقەزابی، ئێستا ئەو کچەی چ لێبکەم؟
بینێرە ماڵی کەسێک هەتا دوایە کەفیلی بۆ دەبینینەوە.
سیامەک پێشنیاری کرد بیبەنە لای چیمەن.
بەشێک لە ڕۆمانی"ژیان بەدەم زریانەوە"

## دوایین بیروڕا گۆڕینەوە لەگەڵ کاک تەیفوور بەڕێگای فەیس بووک دا



**MAR 14, 2020, 9:56 PM**

**تیفوور بەتحایی**: کاک حەسەن ئەم کاتەت باش. هیوادارم کۆرۆنا دانیشتووی ماڵەوەی نەکردبی. کاکە پرسیارێکم هەیە. کتێبی ئاغا شێخ، دەوڵەتی بەڕێز بروانێسن من هەم کوردییەکەیم هەیە هەم فارسییەکەی. لە فارسییەکەیدا لە ئاخرەوە بەشێکی هەیە بە نێوی پاشکۆ. کە لە کوردییەکەیدا نییە. رەنگە ئەتۆ ئینگلیسییەکەیت لەبەر دەست دابێ، ئاخۆ ئەو پاشکۆە لەوێ هەیە یا کابرای ئێرانی بۆ خۆی لێی زیاد کردووە؟

**حەسەن قازی**: سەلام کاکە تەیفوور. لەماڵم بەڵام وەزعم باشە. ناچار بووم هاتنی میوانەکەم بۆ بەرنامەی سبەینێ کەنسل کەم بزانم بەڵکوو بە ڕێگای سکایپ کارێک بکەین. لە مەڕ پرسیارەکەت. وەرگێڕانی کتێبی شێخ،ئاغا و دەوڵەت دوو ڤێرسیۆنی کوردی هەیە یەکێان ڕەحمەتی دوکتور سەروەت عەلی کردوویە کە ماوەیەکی زۆر لە ئوتریش ژیا و کوردییەکی خۆشی دەنووسی لە ڕێگای منەوە لەگەڵ مارتین ئاشنا بوو، پێی خۆش بوو مارتین سەرەتایەکی بۆ بنووسێ کە بەداخەوە نەپەرژا هەر هێندێک لیستەی سەرچاوەی بۆ نارد. وا بزانم مارتین نەی دەویست کتێبەکە لە وەرگێڕانە کوردی سۆرانییەکەی دا بکرێتە دوو بەرگ. دواتر کوڕی نەدیوی هەژاریش وا بزانم لە هولەندییەوە کتێبەکەی کردە کوردیی سۆرانی کە ئەوەیان ئانلاین یان بە زمانی تازەکوورە (سەرهێڵ) دەست دەکەوێ.

**تیفوور بەتحایی**: ئەمەی من هەمە کوڕەکەی هەژار وەریگێڕاوەتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

**حەسەن قازی**: وەرگێڕانە فارسییەکە نەمر برایم خانی یۆنسی کردوویە کە مارتین زۆری کەیف پێ هات کە وەرگێڕێکی ئاوا قابیل کارەکەی وەرگێڕاوە. وابزانم سانسور لە ئێران دەستێوەردانیان تێدا کردووە.

**تیفوور بەتحایی**: جا ئەگەر ئی کوڕەکەی هەژار بێ لە بەر ئەوەی ناسیۆنالیستێکی دوو ئاتەشەیە لەوانەیە پاشکۆ و ماشکۆی بۆ ساز کرد بێ.

**حەسەن قازی**: بە داخەوە من هیچکام لە نوسخەکانم لە بەر دەست نییە. بەڵام دەزانم ئەوەی شێرکۆ ئانلاین هەیە

**تیفوور بەتحایی**: ئەتۆ کتێبەکەت خوێندووتەوە بە ئینگلیسی، ئایا باسی کارەساتی هەڵەبجە و ئەو شتانەی دوایی ئێدایە؟

**حەسەن قازی**: نا، ناکرێ باسی کارەساتی هەڵەبجەی تێدا بێ. چونکە کتێبەکە ساڵی ١٩٧٨ وەک تێز پێشکێش کراوە

**تیفوور بەتحایی**: من کوردییەکەی شێرکو و فارسییەکەی یونسیم هەیە. پرسیارەکەم ئەوەیە ئاخۆ ئەو بەشە لە فارسییەکەیدا لە ئەسڵەکەیدا هەیە یان یونسی لێی زیاد کردووە؟

**حەسەن قازی**: یەکەم چاپی ئینگلیسی ئی ساڵی ١٩٩٢ ئی ئینتیشاراتی زێدە لە لەندەن. ڕەنگە لەوێدا وەک پاشنووسین باسی هەڵەبجەی کرد بێ. ئەوەی کە یونسی زیادی کردووە چی و چییە؟

**تیفوور بەتحایی**: نەختێک بە شان و باڵی ئێرانیدا گوتووە. باسی ڕاپەڕینی ٧٥ و بەم لاوەیە. بروانێسن لە کتیبەکەیدا هەتا شەڕی دووهەم هاتووە و باسی کۆماری کوردستانی تێیدا نییە. ئەمیش باسی نەکردووە، پەڕێوەتەوە بۆ ٧٥، بۆیە لێی دووشک بووم.

**حەسەن قازی**: ئەگەر ئیزن بدەی چاوێک لە نێت بکەم بزانم ڤێرسیۆنە ئینگلیسییەکەی ئانلاین هەیە؟ ئاگادارت

دەکەمەوە.

**تیفوور بەتحایی**: زۆر باشە. ئەگەر دەتەوێ فارسییەکەت بۆ بنێرم؟

**حەسەن قازی**: ئەگەر زەحمەت نەبێ سپاست دەکەم

جامعه شناسی مردم کرد - اغا - شیخ - دولت - مارتین بروینسن.pdf

**حەسەن قازی**: چاپی یەکەمی ئینگلیسیەکە کە هەر تێزەکەیە پاشکۆی نییە. بەڵام ئی ساڵی ١٩٩٢ لەوانەیە هەیبێ برایم خان لە ڕووی چاپی ١٩٩٢ وەریگێڕاوە. ئەمن یەک دووجار لە مارتینم بیستووە زۆر لە وەرگێڕانەکەی یۆنسی ڕازییە، ئەگەر شتێکی لێ زیاد کرابوویا حەتمەن ئەو ڕەزایەتەی نەدەبوو.

**تیفوور بەتحایی**: منیش فارسییەکەم زۆر لە کوردییەکەی پێ باشترە. ئەوەی ئاخری زۆر وەکوو شێوە نووسینی کتێبەکە نییە.

**حەسەن قازی**: کاکە لە پێرستی کتێبەکە دا بە فارسی"پسگفتار" وەک نووسینی نووسەر هاتووە بەڵام ڕاست دەکەی لەحنەکەی زۆر زیاتر ڕۆژنامەوانانەیە هەتا ئاکادێمیک، باشترین چارە ئەوەیە هەر ئێستا بە پەیامێک لە مارتین پرسیار بکەم.

**تیفوور بەتحایی**: زۆر باشە،

**حەسەن قازی**: ئەوە بۆم نووسی لە وەرگێڕانی فارسی کتێبەکە دا لەحنی پسگفتار وەک باقی کتێبەکە نییە بۆ؟ بزانین چۆن وڵام دەداتەوە،

**حەسەن قازی**: سەلام کاکە، مارتین ئێژێ چاپە ئینگلیسییەکە هیچ "پسگفتار" ی نییە دەڵێ دەزانم لە چاپی فارسی دا لە ئێران بەشی لەمەڕ ئێران لابردرا بوو لە سەرەتا مێژووییەکە دا. دەڵێ من شتێکم نووسی لە دوای شەڕی

کەنداو، بەڵام ئێستا کە چاو لەو "پسگفتار" دەکەم هیچ نایناسمەوە کە نووسینی من بێ. جا من پێم وایە برایم خان خۆی ئەوەی نووسیبێ و لە نوسخەی دیجیتال کراوی کتێبەکە دا دەرناکەوێ کە ئەو پسگفوفتارە ئی موتەرجیم ە. هەر بژی.

**تیفوور بەتحایی**: وایە زۆر سپاس و هەر خۆش بی.

**حەسەن قازی**: بەڵام ئەگەر نەینووسیبێ ئەوە نووسینی موتەرجمە و ئی نووسەر نییە کارێکی خراپی کردووە و لە زانایەکی وەک یۆنسی ناوەشێتەوە.

**تیفوور بەتحایی**: نا هیچی نەنووسیوە. بۆیە من پرسیم. کاک برایم لەو کارانەی کردووە. کتێبی کوردەکان یەک وشەی تێدا نابیندرێ کە بزانین یەک بەشی بە تەواوی وەرنەگێڕدراوەتەوە.

**حەسەن قازی**: زۆر جێی داخە. من کتێبکەم هەبوو ڕەنگە لە نوسخەی چاپکراو دا لە شوێنێک ئاماژەی پێ کرد بێ

**تیفوور بەتحایی**: نازانم من چاپکراو ەکەم نییە.

**حەسەن قازی**: ڕەنگە لە کتێبخانەی ئەنیستیتووی بروکسێل هەبێ. با ڕێگای دەرەوە بکرێتەوە دەچم چاوی لێ دەکەم.

**تیفوور بەتحایی**: من هەر ئێستا کوردی و فارسییەکەم جارێکی دیکە بەرانبەر یەک دانا. لە فارسییەکەدا بەشی ئێران لابراوە. مێژووەکەشی لەناکاو پەڕیوە بۆ شۆڕسی ئیسلامی. من پێم وایە برایم خان ئەگەر بە ئەمری سانسوریش بوایە دەبوا یان ئەو کتێبە بەو شێوە چاپ نەکا، یان بیکا و لە پەراوێزدا بنووسێ ئەمە هەو نییە. بەڵام من پێم وایە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ روانگەی توودەیی بوونی ئەو.

**Chat Conversation End**

سەرچاوە: وێبنووسی ڕوانگە - ڕێکەوتی: ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠٢٠



کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خەرمانانی ٢٧٢٠ی کوردی = سێپتەمبەری ٢٠٢٠ی زایینی

نۆژەن کردنەوە: بەفرانباری ٢٧٢٤ی کوردی = جانێوێری ٢٠٢٥ی زایینی



# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێیان بۆ نووسین و ئامادەکردنی  یادو بیرەوەری، دیمانە و وتارەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

